# کۆڤارێکی پاژیی هونەرییە

ژمارە(١٤) ساڵی چوارەم زستانی ٢٠٠٠-٢٠٠١


شانۆ ترۆتسکی لەدوورخراوگە ل٢

تەنـز هەڵپەی چەند زەمەنێکی جیاواز ل٢٤

چیرۆک خەرمانەی خۆزگە ل٢٨

هۆنراوە و پەخشان ل٣٢
فەرشی خوێن
ئەم وڵاتە
خەلیفەیەك
تارمایی پیاو و سێبەری ترس
دیـــوار

وتـــار چیخۆڤ و شانۆ ل٣٩

ناساندن جیم ئالن ل٥٥

سەرگەرمی خشتەك ل٦٠


تایب و مۆنتاژ
ئۆژین ئەحمەد


ناونیشانی پۆستی: JILEMO
Postfach 912215
51093 KOELN
GERMANY

پۆستی ئەلەکترۆنی:
jilemo@hotmail.com
لەسەر ئینتێرنێت:
http://www.jilemo.cjb.net

# ترۆتسكی لە دوورخراوگە

نووسینی **پیتەر ڤایز**

## بەشی شەشەم

### ١١ مردنی لینین

زینایدا ڤۆلكۆڤ دێتەژوورەوە، ترۆتسكی ئاوڕی لێدەداتەوە.

**ترۆتسكی** :

زینایدا ؟

**زینایدا** :

هەردەم بیرم لای نینایە، چارمان ناچار بوو، بێ دكتۆر، بێ دەرمان، لە نێوچوو هەروەك بڵێی شتیكی وا لە ئارادا نەبوو بێت، ئێستاكە لە وولاتەكەم دوورم، هەروەك ئەوەی كە لە فرخولینسك بەسەر تۆدا هات. ئەوێندەرێ سەرەتا بوو، پاش ئەوە باش نەبووینەوە ، ئەوە یەكەم بیرەوەریمە. بابم لە كوێیە ؟ لەوێندەرێیە لەسەر چرپاكە. تۆ ڕاكشابوویت، وە ك داوەڵێك، بەڵێ، وەك داوەڵێ.

( ئاهێك هەڵدەكێشێت، ترۆتسكی هەڵدەستێتەوەو بەرەو ڕووی دەچێت. دەستی دەخاتە سەرشانی، بەقورسایی‌یەكەوە ئەمسەرو ئەوسەری ژوورەكە دەكات).

ئای لەو گەشتە. لە بێرلین، لەپاریس پێیان ووتم؟ تۆ كچی ترۆتسكی‌یت؟ بۆچ وولاتی خۆی بەجێهێشت ؟ ئایا شانازی پێوە دەكات؟ بە سەركەوتنە هیچەكانیشی؟ پێیان ووتم یەكێتی سۆڤیەت بەم زووانە دەست بەسەر وولاتانی سەرمایەداریدا دەگرێت. بەم نزیكانە كارگەرانی ستەمدیدەی ڕۆژئاوا هەڵمەت دەبەن. ڕێبەرەكە پێی ووتم : هۆی ئەم پیلانگێڕییەی ترۆتسكی چی‌یە؟

لەوە دەچێ لەبەر ئەوەی كە بەكارێك هەڵنەستاوە ئێرەیی‌یان پێ دەبات؟ نێردراوەكان دەچنە مۆسكۆ بۆ ئەوەی كۆشكەكانی دەوڵەتو ویستگە تازەكانی میترۆ ببینن. پڕن لە مۆمدان و مەرمەڕو ئاوێنە، وەك هۆڵی سەماكردن وان.

برێخت لەبێرلین لەبارەیەوە وتی: هیچ شتێك لە جوانی‌وشەنگی‌دا نایگاتێ وی

ڕاست دەکات هەروەك بیسکاتۆر و کارۆلا نێهەر دەڵێن. بەڵام نازانن کێ باجەکەی دەدات. ئەوان لەشکری تێکشکاوی کارگەران، ملیۆنەها برسیو ڕەشو ڕووتو بێدەرەتان، سەربازگە گەورەکانی ڕاگوازراوانیان نەبینیوە. دادگە پۆلیسییەکانیان نەدیووە، هیچ ڕۆژێك بەبێ دەیان سزا تێناپەڕێت، ئەندازیاران، ئابوری زانان، زانایان، خەڵك لە کارگەکاندا چارەڕش دەبن گەر بە تێکدەری و پیلانگێری تاوانبار بکرێن. لەپشت هەموو ئەم شتانەوە تۆی ڕاوەستاوی. وڕێنەیەکی گەرموگوڕە لەمەڕ پیلانگێری ترۆتسکیستەکان.

زینۆفیێڤ و خامینێڤ دەستگیرکراون. بوخارین، سەمیرنۆف، بیاتاکۆف و مراچکۆفسکی لەسەر ڕێگەی گەڕانەوەن بۆ سیبریا. مایاکۆفسکی لەکاتێکی گونجاودا خوکوژی کرد. ناوو ناوبانگی هەڵکەوتەترین نووسەرانو دەرهێنەرانیان زڕاند، کارەکانیان بە کاری پوچ، بێ کەڵك، دژە سۆشیالیزم ناودەبرێن. بلۆمکین دەڵێت: کە ڕادیك دژەخونی لێکردووە، یاگودا فەرمانی پێداوە کە تەقەی لێبکات، بلۆمکین ئازابووەو تا مردن بەدەنگی بەرز هاواری کردووە : بژی ترۆتسکی، گشت هاوەڵە دێرینەکانت دەست بەسەرکران.

سیرموکس و بۆزنانسکی بێسەرو شوێنکران، گلازمان لە زینداندا خۆی هەڵواسی. بێتۆڤ، داوای گەواهیدانی بەدرۆیان لێکرد، پەنجا ڕۆژ لەخوارن مانیگرت. وازیان لێهێنا تا بمرێ. لەگەڵ ئەوەشدا، لەگەڵ ئەوەشدا وا تێدەگەم کە هێشتاکە هیوای هاوڕێیان بەستراوە بە ڕوسیەوە ، بەو هێزەی کە هێشتاکە شۆڕش دەتوانێت بیبەخشێت.

( دادەنیشێت وبەگومانە لەوەی کە دایپۆشێت).

هەروەها هاوسەرەکەمیان برد، هاوسەرەکەی نینا لەنێوبرا، ئەی داوەڵە

تەختینە ئەمە ئازارت دەدات ؟ هیچ ڕۆژێك لەڕۆژان پێت وابووە مە بۆ تۆ شتێکین؟

تەنیا بەجێتهێشتین خۆمان پارێزگاری لەخۆمان بکەین ( لەشوێنی هەڵپە دەکات)

باشە، بەمزووانە منیشت لەکۆڵ دەبێتەوە، هەروەها سێریوشا ش، بەڵێ، سێریۆشا ش، بەرەو ڤۆرکۆتا ڕاپێچیان کردووە.

**ترۆتسکی** :

نا !

**زینایدا** :

نیازم نەبوو پێت بڵێم، بەڵام بەجۆرێك هەر دەیبیستی.

**ترۆتسکی** :

نا، سێریوشا نا. وی ڕۆژێك لەڕۆژان لەسەر سیاسەت تاوانبارنەکراوە، هەوڵی درێژەدانی بە پەیمانگەکەی دەداو سەری کردبووە جێبەجێکردنی لێکۆلینەوەکانی.

**زینایدا** :

لەناوی دەبەن، هەروا لیوڤا و تۆش لەناودەبەن.

( ناتالیا دێتە ژوورەوە، ئامێز لە زینایدا دەگرێتو دەیباتە دواوە).

گەر لینینیش زیندوو بایە ئەویشیان دەگرت. بەڵێ، ئەمە قسەی کرۆبسکایا یە، چاوم پێیکەوت، دەیگرنو وەهای لێدەکەن تاوەکو دەردیسەریان بۆ دروست نەکات، کرۆبسکایا خۆی وەهای پێگووتم.

( زینایداو ناتالیا دەچنە دەرەوە، ترۆتسکی بەرەو مێزەکە دەڕوات، بەلێزانییەکی فرەوە کاخەزەکانی ڕێك دەخات، وەك لەسەرەتای شانۆییەکەدا کەمێك دادەنیشێت.

لینین دێتە ژوورەوە، پشت چەماوەو سەری بەرەوخوار ، بەسەختی ڕێ دەکات، لەسەر چرپاکە درێژ دەبێت، بەدەستەکانی سەری دەگوشێت).

**لینین** :

ئێمە هەردەم بە گۆڕینی بیرۆکەی سۆشیالیزم لەیەك وڵاتدا دەستبەکار دەبووین،

وە بە پەلەکردن لە بەرنامەڕێژی پیشەسازیو هەرەوەزییەکان نێوئاخنمان کرد. بە بەردەوامی زیادبوونی هاوکاری کارگەرانی ولاٌتانی پێشکەوتوومان بۆ خۆ لەبەرچاو دەگرت. بەلاٌم ئێستاکە بەئاراستەی پشتگوێ خستنی بەرنامەی نێونەتەوەییەوە، بیروکراسی لەنێو پارتدا تەشەنە دەکات. چاوم بەمەسەلەکەدا دەخشاندەوە، سکرتێری گشتی، بە بێشەرمییەکی تەواوەوە، پەیوەندیمی لەگەڵ نووسینگەی سیاسی بڕی. پێی ووتم : کە باری تەندروستیم خراپەو ڕێم پێنادات بەکاروباری ڕێکخستنەوە خەریك بم. لیۆن داڤیدۆڤیچ بۆ زاڵبوون بەسەر بیروکراسی لەبەڕێوەبردندا لیژنەیەك پێك بهێنە.

(ترۆتسکی هەڵدەستێتەوەو لەسەر کورسییەك لەنزیك چرپاکە دادەنیشێت).

**ترۆتسکی** :

ئەوەندە بەس نییە، بیروکراسی تەنیا لەبەڕێوەبردندا تەشەنەی نەکردووە، بەڵکو لەسەرۆکایەتی پارتیشدا هەروایە.

**لینین** :

شۆڕشگێڕە چاکەکان ئەوانەیان کە فرەتر شارەزاو لێوەشاوەن کۆکەرەوە، لێژنەکانی پشکنین لە کارگەران و وەرزێڕان پێك بێنە، لێژنەیەکی پشکنینیش کە پلەوپایەکانی هاوئاستی پلەوپایەی سەرۆکایەتی بن. پێش لەدەستچوونی هەلەکە بە کارێك هەڵدەستین. ( بناگوێکانی دەگوشێت) ویستمان دەوڵەتی کارگەران دامەزرێنین، هەوڵماندا شتێکی زیندووی دیموکراسی لێ بەدیبێنین. پێویستمان بە پارتێکی ناوەندی هەبوو تاکو بە ئەرکەکە هەستێت، بەلاٌم ئێستاکە دەزگەی پارت بەڕووماندا هەڵگەڕاوەتەوە. ڕاستە، من هەوڵی ئاراستەکردنی ڕەوڕەوەکە دەدەم، بەلاٌم خلۆرەکانی لەگەڵم نابزوێن. ڕەوڕەوەکە بەگشت لایەکدا لادەدات، تازە من توانای کۆنترۆڵ کردنیم نەماوە. دەبێت ستالین بکرێتە دەرەوە، وی زۆربەی دەسەلاٌتەکان دەگرێتە دەست، ئەو چاوەڕێی مەرگی منە بۆ ئەوەی بەتەنیا کارایی لەسەر پارت

دابنێت. زینۆڤیف و خێمێنێف هاوکاری وی دەکەن، وان بەڕاڕایی ناسراون، بەلاّم نابێت بەپێی هەڵسوکەوتەکانیان لە ئۆکتۆبەری ڕابووردوودا داوەری بکرێن، لە پاداشتی باشتر بەهرەمەندن. لەنیوان لاوەکاندا دەتوانیت بیاتاکۆف و بوخارین هەڵبژێریت و لەسەرکردایەتی پێکەوەییدا بەشداریان بکەیت. داڤیدۆڤیچ تۆ لە هەمووان زیاتر، بەتواناو لێهاتووتری، بەلاّم تۆ لە بیرۆکەدا دەولەمەندی بۆیە توشی زێدەڕۆیی دەبیت، هەروەها تۆ نیشانە ناپێکیت، خۆت بەکاروباری بەڕێوەبردنەوە گلاندوە، بەڵێ، تۆ بەرگەی هەندێك لێپرسراوەتی لەپەیکەرەی دەوڵەتدا دەگریت، پاش بەسەرچوون پەی بەهەڵەکانت دەبەی.

( ساتێك بێدەنگی. ترۆتسکی لەجێی خویدا ڕۆچووە).

بۆ قسان ناکەی ؟ لەکاتێکدا کە من لەسەروبەندی کۆچکردندام لەپرێکدا دەبیتە مرۆڤێکی سست و لاواز و بێکەس ؟ بۆ پاشەکشێ دەکەی؟ بۆچ پێشنیارەکانم وەرناگری ؟ بۆچ لەبری من لە کۆنگرەی پارتدا بۆ زیندووکردنەوەی دیموکراسی پرۆلیتاریا ناجەنگێیت ؟

**ترۆتسکی** :

نووسینگەی سیاسی هێرشی من بۆ سەرخۆی بە هێرش بۆ سەر پارت دادەنێت. نووسینگەی سیاسی پاڵ بە سکرتێری گشتی‌یەوە دەنێت و قەد نابینێت کە ئەوە سکرتێری گشتی‌یە پاڵ بەوەوە دەنێت.

**لینین** :

هەروا چاوەڕوان دەمێنیتەوە. دووبارە دەگەڕێیتەوە سەر لەخۆبایی بوونەکەت؟ پێتوایە بەدواتا ڕادەکەن؟ ڕادەگەیێنن کە تۆ پاشڕەوی منیت؟

(ماوەیەك بێدەنگی. لینین لەسەر چرپاکە ڕاکشاوە باسکەکانی بەری دەموچاوی گرتووە. ترۆتسکی هەڵساوەتەوە ئەمسەرو ئەوسەری ژوورەکە دەکات).

**ترۆتسکی** : من دەتوانم لەگەڵ تۆدا کاربکەمو، سەرکردایەتی پارتیش بکەم دژبە

شێوازە بیروکراسییەکان. چاوەدێری نەوەی نویّو کادرە لاوەکان بکەمو بۆیان بدوێم و، سەرکۆنەی خۆبەدەستەوەدانو ملکەچییان بکەم. پشتگیری لەبیرو بۆچوونەکانت بکەم. بەڵام گەر تۆ بمریت بێجگە لەکێشە لەسەر دەسەڵات شتێك نامێنێتەوە. منیش ناتوانم بەشداری تێدا بکەم.

**لینین** :

لیۆن داڤیدۆڤیچ، بواریان مەدەرێ دەستکۆتاتکەن. خۆڕاگربەو خۆ بەدەستەوە مەدە. دواجار بۆیان ڕوون دەبێتەوە کە تۆ ڕاست دەکەی. دەبێت شۆڕشەکەمان بەربڵاوو بەردەوام بێت بۆئەوەی ببێتە شۆڕشێکی جیهانی، ئەگینا دەمرێت. پێویستە لەپێناوی ئەم ئامانجەدا قوربانی بەگشت شتێك بدەین، پێویستە واز لەدەستکەوتی کورتماوە بێنین. جەنگی چیایەتی جیهانی. ئەمە بگرەرە بەر. چین لە کامی شۆڕشدایە. ڕوسیە و چین. گەر هیندیش هاتەڕیزەوە. زۆربەی زۆرمان لەدەست دەبێت. بەردەوام بە. بەردەوام.

( لینین لەسەر چرپاکە بە چاو نوقاوی ڕاکشاوە، چوارپەلی ڕەق هەڵاتوون. ترۆتسکی بەرەو کورسییەك لەپێشەوەی شانۆ دەڕوات و لەسەری دادەنیشێت. هەروەك پێشتر، چوار سەرباز دێنە ژوورەوە، بەرەو چرپاکە دەڕۆن. لینین بەرز دەکەنەوەو بەرەو دواوەی دەبەن. لەوێندەرێ خێمێنیێڤ، زینۆڤیێڤ، بیتاکۆڤ، دزرژینسکی، ڕاکۆڤسکی، سەمیرنۆڤ، بوخارین، ستالین دەردەکەون. سەربازەکان جەستەی لینین لەسەر دارەمەیت درێژ دەکەن. ئەوانیتر دارەمەیتەکە بەرزدەکەنەوە، بەهەنگاوی هاوئاهەنگو هێواش بەرەو پێشەوە دەڕۆن. ترۆتسکی ناجوڵێتەوە).

**ستالین** :

هاوڕێ لینین تۆ بەجێمان دەهێڵیتو پێت ڕاسپاردین کە یەکێتی پارت بپارێزین. مەش سوێند دەخۆین، ئەی هاوڕێ لینین کە بەرامبەر ڕاسپاردەکەی تۆ وەفادار بمێنینەوە. هاوڕێ تۆ بەجێمان دەهێڵیتو پێت ڕاسپاردین کە دیکتاتۆری پرۆلیتاریا

بپارێزینو بەهێزی بکەین. مەش سوێند دەخۆین، ئەی هاوڕێ لینین کە بەرامبەر بیروباوەڕەکانی نێونەتەوەیی کۆمۆنیستی وەفادار بمێنینەوە. هاوڕێ لینین سوێندیشت بۆ دەخۆین کە ژیانمان بکەینە پێناوی پتەوکردنی پەیوەندییەکانی نیوتەوەیی کۆمۆنیستی لەنێوان کارگەرانی جیهاندا بەگشتی.

( کۆمەڵەکە لەجولانەوەیەکی نیوە بازنەیی‌دا دەکشێنە دواوەو تێدەپەڕن. لیۆن سیدۆڤ دێتە ژوورەوەو بەرەو ترۆتسکی دەڕوات ).

**لیۆن سیدۆڤ** :

بابە. قسەکردنێکی تێلەفۆنی لە بێرلینەوە. زینا مردووە. دەرگەی ژوورەکەی لەسەرخۆی داخستووەو گازی کردووەتەوە.

(ترۆتسکی لە جێی خۆیدا ڕۆچووە. لیۆن سیدۆف دەچێتە دەرەوە).

## ١٢ شۆڕشی جیهانی

ترۆتسکی لێدانی دڵی دەگرێ‌و، بەدەنگێکی نزم لێدانەکان دەڵێتەوە. دەلەرزێت. ناتالیا چەرچەف و ڕۆژنامەی بەدەستەوە دێتە ژوورەوە. چەرچەفەکە لەسەر ئەژنۆی ترۆتسکی بلاۆدەکاتەوەو ڕۆژنامەکە لەتەنیشتی دادەنێت. ترۆتسکی چاویلکە هەڵدەگرێ‌و لێوەی دەڕوانێ‌و لەشێوەی نیوە بازنەیەك دسووڕێنێت.

**ترۆتسکی** :

ئەم کەشە چی‌یە لە ئایاردا. سەرما، شێ. گرنۆبل تەمومژ دەوری داوە. بەلاّم ناگاتە لوتکەی کێوەکان من هەموو کەلێنو دەرزێك لەتاوێرەکانیا دەبینم. هەروەك دیوار وایە . ئێستا ئیتر جیاکردنەوەی گران نی‌یە .

**ناتالیا** :

لیۆنا لەپاریسەوە نامەیەکی ناردووە. باسی لە سریوشا نەکردووە. هەروەها هیچ شوێنەواری بانگەوازەکەی مەش نەبوو. تەنانەت ئیمزاکانی بەرنادشۆ و ڕۆمان ڕۆلان یش.

**ترۆتسكی** :

گەر كاری سیاسی كردبێت بەرگەی ئەوە دەگرێت. هۆكەشی دەزانێت. بەڵام ڕاستو ڕەوان ئەوان بۆ سزادای من تۆڵە لەودەكەنەوە.چ سوودێكی لێدەبەن ؟ واداری دەكەن پاكانە لەمن بكات؟ ناوزڕاندنی من لەبەر چاوی خەڵك ؟ خۆزگە ئەوەی بكردایە، گەر ئازادبوونی خۆی تێدا بووایە. وەك ڕاكۆڤسكی. ئاخۆ چەندە ئازاریان دابیٚو ترساندبێتیان تاوەكو بە خۆبەدەستەوەدان ناچاری بكەن ( لاپەڕەیەك هەڵدەداتەوە). ئاهەنگ گێڕانەكانی یۆبل لە لەندەن. بۆرژوازی نواندنێكی پاشایانەیتر بە پرۆلیتاریا پێشكەش دەكات. سەدانو هەزارانیان لەویٚ ڕادەوەستنو ئامێز بۆ ئاهەنگ و ڕێپێوانەكانی سەدەكانی ناوەراست دەكەنەوە. ساڵی ١٩٣٥. لە ئینگلتەرای شارستایەتی. من جارێك بەخۆم ئەو شتەم بینی.

( ساتێك دەلەرزیٚ). چەندە لە تەمەنمان ماوە ؟

**ناتالیا** :

هێشتا پەنجاو پێنج ساڵی .

**ترۆتسكی** :

لینین دەڵیٚ گەورەترین تاوان ئەوەیە كە لە دوای پەنجاو پێنج ساڵی بژی. بەهەر حاڵ ئەو تاوانبار نەبوو .

(دەنگە دەنگ لەدەرەوە. هەندێكیان بە ناتەواوییەوە چەن بەشێك لە سروودی ئەنتەرناسیۆناڵ دەڵێن. ترۆتسكی سەری سوڕ دەمێنیٚ).

لێرەش كەوتنەوە دوامان ؟ ( هەڵدێتو لەپشت مێزەكە بە چەرچەفەكە خۆی دەشارێتەوە ). تەقە دەكەن .

**ناتالیا** :

پێم وایە خوێندكارن لە پاریسەوە، داوایان كردووە لەگەڵت كۆبنەوە.

( ناتالیا دەچێتە دەرەوە. ترۆتسكی لەژێر مێزەكە دێتە دەرەوە. كۆمەڵێك خوێندكار

دێنە ژوورەوە. ترۆتسکی هەندێ پەڕەکاغەز لەگیرفانیدا دەردەکا. پرش و بڵاویان دەکا و هەڵیاندەگرێتەوە. هەڵدەستێتەوە ناوچەوانی بەدەستی دەسرێ و کاغەزەکان لەسەر مێزەکە دادەنێت.

**ترۆتسکی** :

دەستنووسەکان.

( لەتەنیشت مێزەکە دادەنیشێت. کورسی بۆخوێندکارەکان دێنن. دەستبەجێ قسەوباس دەست پێدەکات ).

**خوێندکارێکی فەرەنسی** :

لەبەرئەوەی تۆ ناتوانیت بڕۆی بۆ پاریس، نوێنەرێکمان پێك هێناو هاتینە لات.

**خوێندکارێکی ئەڵمانی** :

دەیان پرسیارمان پێیە. من ئەڵمانیم. پاسپۆرتەکەم مۆری یەهودی لەسەرە، باوکم لە (داتشۆ)یە. جارێکیان ووتت کە تۆ دژی جیاخوازی یەهودیەکانی. ئایا هێشتا هەمان ڕات هەیە ؟ ساڵانێك کرێکارانی ئەڵمان هاوپشتی نێونەتەوەیی فێر بوون، ئەوەتان ئێستا یارمەتی چەوسانەوەی خێزانە یەهودیەکان دەدەن. چ باشەیەکی هەیە بۆمان کە خۆمان بە ئەلمانی بزانین نەك بە یەهودی. ئەوان وەك ڕەگەز و توخمێکی جیاواز لەخۆیان جیامان دەکەنەوە. لەیەکێتی سۆڤیەت یەهودیەکان لەگەل هەلاواردنی ڕەگەزی ڕووبەڕوو دەبنەوە. بەلاّم کێشەکە چارەسەر دەکرا ئەگەر دەوڵەتێك بۆ یەهودیەکان لەبەر چاو بگیرایە ؟

**ترۆتسکی** :

سیاسەتی لەخۆگرتنی یەهودیەکان شکستی هێنا. نەك لەبەرئەوەی کە یەهودیەکان دژی ئەم سیاسەتە بوون، بەڵکو لەبەر ئەوەی یەهودیەکان مەڕی سووتا و بەکاردەهێنن بۆ وەلادانی سەرنج لەسەر ململانێ چینایەتی. بەڵگەی ئاشکراش لە

جـۆری خۆجیاکردنــەوە لــە ئـەڵمانیا . بــەڵام لەیــەکێتی ســۆڤیەتدا دژوارە هــەڵواردن بەکاربهێنرێت. کاتێکیش یەهودیەکان لە یـەکێتی سۆڤیەت زیندانـی دەکرێن ئاشـکرایە ئەوان لەســەر ڕەخنـەکانیان لەسـەرکردایەتی پـارت ســزا دەدرێـن نـەك لەبـەر یـەهودی بوونیان.

## خوێندکاری فەرەنسی :

کاتێ سۆز بەســەر دیـالیکتیکدا زاڵ دەبێـت، دەسـتبەجێ کاردەکێشـێتە توندوتیـژیو تومـەت گۆڕینــەوە ئەمــەش دەیگەیێنێتـە ڕەواجــدان بــە زایۆنیزم .

## ترۆتسکی :

ئەگـەر کـەمێك لـە ڕابـووردوو وردبینــەوە بۆمـان دەردەکـەوێت کـە کۆچـی یەهودیـەکان بۆ فەلەستین شتێکی پڕ مەترسـی‌یە. هیـچ ناباتـە پێشەوە بێجگـە لەبـەرز کردنەوەی ئاستی خۆراگری عەرەبی. تەنیا چارەسەر لـە بەهێزکردنـەوەی شـەڕ دایـە بۆ گێرانەوەی نێو نەتەوەیی.

## خوێندکاری ئەلمانی :

لە کاتێکدا سەدان هەزار یەهودی لە ئەلمانیا ڕووبەڕووی مەترسی مـردن دەبنـەوە، یەهودیـەکان پەناگەیـەك لـەوڵاتانی سـەرمایەداریدا بـەدی ناکـەن بێجگــە لەوانەیان کە دەولەمەندن. ئەی ئایا ئەوانی‌تر خۆ بدەنە دەستی چارەنووس ؟ ئێمە چاك دەزانین کە نازیزم نەخشە بۆ لەناو بردنیان دەکێشێ.

## ترۆتسکی :

لەم جیهانـەدا یەهودیـەکان تـەنیا گـەلیك نـین کـە ڕووبـەڕووی شـەڕی مـان‌و نـەمان دەبنـەوە. ڕاسـتە ئـەوان بـاجێکی زۆری ناڕۆشـنی ڕوانگـەکانیان دەدەن. ڕاسـتە ئەوان بەشدار بوون لە هەستاندنەوەی فاشیزمدا. بـەڵام بابڕوانین لـە شـوێنەکانی تـری جیهان چی ڕوودەدا . ئیتالیا خۆی کۆدەکاتەوە بۆ پەلاماردانی حەبەشە. یابان خۆ

ئامادە دەکا بۆ هێرشـکردنێکی نـوێ بـۆ سـەر چین. ولاّتـە یـەکگرتووەکانی ئـەمریکا هێزەکـانی دەنێرێتـە بولیڤیـا و بۆلگـوای بـۆ پارێزگـاری کانـەکانی قـەصدیر و بـیرە نەوتـەکان. هـێزە داگیرکـەرەکان لـە ڕۆدیسـیا بەشـێوەیەکی جەنگەلیانـە شۆڕشـی کارگـەران لەکانە مسەکاندا سەرکوت دەکەن. مـانگرتووان لـە ئیسـپانیا بەگوللـە وەلاّم دەدرێنـەوە. لەبەرئـەوە لـەنێوەندی ئـەم ڕووبـەڕوو بوونـەوە گـەورە جیهانییـەدا جـەنگی یەهودیـەکان لـەپێناو مانـەوەدا مەسـەلەیەکی کـەم بایـەخ و لاوەکییـە، ئـەوان تـەنیا دەبنـە قوربـانی نـاکۆکی نێـوان ڕیزەکـانی سـەرمایەداری. ئـەوان تێنەگەیشـتن لـەنێوان شـەو ڕۆژێکدا بـەڕیزە چەوسـاوەکانەوە پەیوەسـت بـوون. دوای ئـەوە ڕێگایـان ونکـردوو و، لـێرەوە دەردە سـەریەکانیان دەسـتی پێکـرد. ڕووبەڕووبوونـەوەی سـەرەکی ئەوەیـە کـە لەنێوان چەوساوانو خاوەن سەرمایەکاندایە، هەرچـەندە ئێستاکە خـاوەن سـەرمایەکان لەنێوانیاندا دابەش بوون. پێویستە ووردبین بین.

## کچە خوێندکاریکی فەرەنسی:

تۆ لەگـەڵ ئەڵـەمانیا داوای پێکـهێنانی بـەرەی هاوبەشـت کـردووە. بـەبێ ئـەوە کـە کۆمینتـێرن نەیهێشـت، فاشـیزم سـەرکەوت. کارگـەران لـە فەرەنسـە، بەپێچەوانـەی لایـەنگری سیاسـیان لەبانگـەوازێکدا بـۆ مـانگرتنی گشـتی یـەکیانگرتو، خوێندکـارانو ڕۆشـنبیران شانبەشـانیان ڕاوەسـتانو، لەگـەڵ ئەوەشـدا هاوڕێ ترۆتسکی تۆ ئێستاکە دژبە دەوڵەتی بەرەی گەلی لە فەرەنسە دەوەستیتەوە.

## ترۆتسکی :

بەرەی گەلی بەمانای بەرەی یەکگرتوو نی‌یە. ئەوەی مە دەمانەوێت هەستانی کارگەرانـە لـە گشـت لایـەك بـەچالاکی هاوبـەش، نـەك بـە هاوپـەیمانی لەگـەڵ پارتـە بۆرژوازی‌یـەکاندا. پێویسـتە کارگـەران چـەکداربنو، کۆمەڵـە و میلیشـیای کارگـەری تایبـەت بـەخۆیان پێك بهێننو دەسـت بەسـەر کارگـەکاندا بگـرن. ئـەوەی بـەرەی گـەلی فەرەنسی پێی هەڵدەستێت شتێك نی‌یە بێگە لە فیرۆدانی وزەی کارگەرانو ڕێگری

لەشۆڕشی سۆشیالیستی.

**کچە خوێندکاری فەرەنسی :**

ئەی لەبەرچی وتووتە پێویستە لەسەرمان هاوپەیمانی لەگەڵ پارتی لیۆن بلوم بکەین، لەگەڵ ئەوەی کە پارتێکی شۆڕشگێر نی‌یە ؟

**ترۆتسکی :**

بۆ دژایەتی ڕیفۆرمیزم لەنێو خۆیدا.

**خویندکارێکی فەرەنسی :**

ئەوەی کە هەوڵی بۆ دەدەن ئەوەیە کە بەکارمان بێنن بۆ دژایەتی کۆمۆنیزم. مە تەنیا کۆمەڵەیەکی کەمینەین. گەر پەیوەست نەبین بە پارتەکانیترەوە ئەوا خۆمان لەناو دەبەین. پێم وانییە کە ئەمە ڕێگەیەکی گونجاو بێت بۆ پێکهێنانی ئەنتەرناسیونالی چوارەم.

**خوێنکاری ئەلمانی :**

بەهەرحاڵ، ئایا ئەنتەرناسیونالی چوار دێتە ئاراوە ؟ شێواوی بارودۆخی ئەمەریکاو ئینگلتەرە نەگۆڕا بەو هەلومەرجە شۆڕشگێرانەیەی کە تۆ پەنجەت بۆ ڕاکێشا، هەرچەندە ڕوخانی نیزامی سەرمایەدارییان دووبارە دەکردەوە.

**ترۆتسکی :**

سیستەمی سەرمایەداری کرمۆڵ بووە. هەلومەرجەکانیش لەبارن بۆ شۆڕشی پرۆلیتاریا. پێشتریش چەندین ساڵ بوو هەروابوو. جەماوەر لەسەر ڕێی شۆڕشە. بەڵام دەزگە بیروکراسە پارێزەرەکان ڕێگری لە هەڵمەتبردنی دەکەن. کەموکوڕی لەتوانای کارگەراندا نی‌یە بەڵکو لە گەوجێتی سەرکردە کارگەرییەکاندایەو، ئەمەیە هۆی پێداویستی ئەنتەرناسیونالێکی نوێ. هەڵچوون. مانگرتنە جەماوەرییەکان. ئاگادارییەکان. پاش ئەوە ڕژێمی بۆگەنی سەرمایەداری لەنێو دەچێت.

**خوێندکارێك لەهیندی چینی**:

پارتی مە لە هیندی چینی ڕێگەی شۆڕش دەبینێتەوە. نێونەتەوەی شتێکی ڕەوایە هەروەك تۆو لینین لێی گەیشتوون. ڕێگەی شۆڕشی جیهانی ڕۆشن دەکاتەوە.

**ترۆتسکی** :

کەمی ژمارەمان لە خۆتان بایی نەکات . لەم ساتەدا دیار نی‌یە کە هێزی شۆڕشگێری لەکوێدایە. هاوڕێیان من هەست دەکەم کە لەسەرمان پێویستە پشت بەو سەرکەوتنە کتوپڕانەی کە ناوەندەکانی پارت لە شارەکاندا بەدەستی هێناون نەبەستین. جەنگی داهاتووی داگیرکەران بەسەر هەموماندا زاڵ دەبێت. بەلاٚم بارودۆخە بنەڕەتییەکە ناگۆڕێت. ئەو گەلانەی کە قورسایی شەڕیان دەکەوێتە سەر لەپێناو ڕزگاربوونیاندا دەجەنگن. بڕوان بۆ چین. لەوێندەرێ شێوەیەکی نوێ لەبزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە سەری هەڵداوە. ماوتسیتۆنگ لەنێوخۆدا سوپاکەی لە وەرزێران پێك دێنێت. لەگەڵ ئەوەی کە شیان کای شك شەڕی بۆرژوازیانەی نیشتمانی دژی بەرپا دەکات، ماو لەپێکهێنانی سۆڤیەتە وەرزێرییەکان و دابەشکردنی زەوی‌و زاردا تووشی دژواری دەبێت.

**کچە خوێندکاری فەرەنسی**:

بەلاٚم ئەمە پێچەوانەی ئەو تێڕوانینەتن کە دەڵێت کارگەران لەشارەکاندا ڕێبەری خەبات دەکەن.

**ترۆتسکی** :

شەڕ لە شارەکاندا دەستی پێکرد. بەلاٚم نێونەتەوەیی کومۆنیستی کارگەرانی شۆڕشگێری ناچار بە ملکەچی بۆکۆمینتانگ کرد. ئێوە ڕاستی هەواڵە ئاگادارن. شیان کای شك هەمووانی سەربڕی.

**کچە خویندکاری فەرەنسی**:

ئەی بۆچی کۆمینتێرن پێ لەسەر هاوکاری لەگەڵ شیان کای

شك دادەگرێت ؟

**خوێندكاری فەرەنسی**:

زیاتر لەوەش دەیكاتە ئەندامی جێی شانازی.

**ترۆتسكی** :

لەبەر ئەوەی مۆسكۆ نایەوێت شۆڕش بلاّوبێتەوە. ڕێگەش بەكەس نادات دەست لەو هاوپەیمانییە وەردات كە پێی هەڵدەستێت. سۆڤیەت وەك شۆڕشێكی بۆرژوازی دیموكراسی بۆ شۆڕشی چین دەڕوانێت، ئامانجی یەكەمیش پشتیوانی چینە لە تێكۆشانی‌دا دژی ئیمپریالیزم بەنوێنەرایەتی ئینگلتەرەو ئەمەریكاو یابان. ئەم دەستێوەردانەش ناوەندی شۆڕشی لە شارەكانەوە گواستەوە بۆ دێهاتەكان. بەلاّم هیچكەس باوەڕ بەبوونی ئاراستەی شۆڕشگێڕانە لەنێو وەرزێڕاندا ناهێنێت.

**خوێندكاری هیندی چینی**:

تۆ بەخۆت جارێكیان وەرزێرەكانت ناو نا بارگیری شارستانی‌یەت. هەروەها گوتت هەرگیز خەڵكی دێهات پارتی كۆمۆنیست پێك ناهێنن.

**ترۆتسكی** :

من دوودڵ بووم لەتاو گرنگی پێدانی لەڕادەبەدەری شۆڕشی ماوتسی تۆنگ بە بەرژەوەندی وەرزێڕان‌و پشتگوێ خستنی كارگەران. چونكە شۆڕشی داهاتوو لە دێهاتەوە بۆ شار دەبێتە هۆی پێكدادانێكی توند لەگەڵ پرۆلیتایای پیشەسازی. شۆڕشیش بەبێ هاوبەشی كارگەران‌و وەرزێڕان پێكەوە سەرناكەوێت.

**خوێندكاری ئەڵمانی**:

هەر لەبەر ئەوە بوو كە كۆمینتێرن خوازیاری كوشتنت بوو.

**خوێندكاری هیندی چینی**:

مە شۆڕشی چین وەك نموونەیەك بۆ خۆمان لەبەرچاو دەگرین. لە ڤیتنام جیاوازییەكانی نێوان كارگەران‌و وەرزێڕان‌و خوێندكاران خەریكە

لەنێو دەچن. مەخاوەنی چ نین. واژەی پرۆلیتاریا بۆ مە مانایەکی فراوانترو گشتی تری هەیە لەوەی کە بۆ ئێوە لە ئەوروپا دەیدات. کادر و ئەنجومەنی سۆڤیەتە سەرەتاییەکان لای ئێمە وەك لەکارگەو کارگوزارییەکاندا پێکهاتن هەروەها لە دێهاتو کێڵگەکانیشدا پێکهاتن. فەرەنسییەکان بۆ ئەوەی شۆڕش سەرکوت بکەن هێرشی ئاسمانییان کردەسەر وەرزێڕەکان. داگیرکەران دەزانن کە هەموو بستێك لەسەر زەوی ئێمە بەرامبەریان دژێکی لێدەڕویت.

## خوێندکاری فەرەنسی:

ئەوەی کە لە ڤیتنام وچین ڕوودەدات لەگەڵ تێڕوانینی شۆڕشی بەردەوامدا دەگونجێت، لەبەر ئەوەی لەچوارچێوەی بۆرژوای دیموکراتدا تێپەڕ دەبێت. پارتیزانەکان بەلێبڕاوییەوە پەلامار دەدەن. لەگەڵ ئەوەشدا پارتی ماوتسی تۆنگ و پارتی هیندی چینی دەستیان گرتووە بەهەندێك ڕێنوێنییەوە کە لەگەڵ شۆڕش لە ئاسیادا نایێتەوە.

## خوێندکاری ئەڵەمانی:

ئەمە بەڵگەیە بۆ ناوبانگی گەورەی مۆسکۆ وەك ناوەندی شۆڕشی جیهانی.

## خوێندکاری هیندی چینی:

بەڵگەی کارایی فرەی نووسینەکانی لینین یشە. نیگۆین ئێی کیۆك سەرۆکی پارتمان پێی ڕاگەیاندین کە چۆن گریاوە کاتێك کە بۆ یەکەمجار وتارەکانی لینینی لەبارەی مەسەلەی نەتەوەیی و مەسەلەی داگیرکەرییەوە خوێندوەتەوە. ئەوە ئەوکاتە بووە کە دوای شەڕ چووبوو بۆ پاریس. هەروەها وتی: ئا ئەوە خوازراوە، پاڵەوانە نیشتمان پەروەرەکان، گیان بەختکردووان. ئەمەیە دەرگەی مە بۆ ئازادبوون.

## ترۆتسکی :

جەنگ لەپێناو ئازادیدا هەمیشە کاتێك دەست پێدەکات کە بارودۆخەکە دەگاتە ڕادەیەکی ناسازگار. لەشوێنە هەژارنیشنو لەبیرکراوەکانەوە دەست پێدەکات.

**خوێندکاری ئەڵەمانی**:

هاوڕێ ترۆتسکی تۆ لەسیستەمی کۆن لێبوویتەوە. تۆ چەمکی موڵکدارێتیت لەبنەڕەتەوە گۆڕی. بەڵام لە گواستنەوەی شۆڕشدا بۆ نێو دڵی خەڵك سەرنەکەوتیت.

**ترۆتسکی** :

ئایا لەتواناماندا هەیە لەچەند ساڵێکی کەمدا بیرکردنەوەی مرۆڤ بگۆڕین ؟ تۆ ئەوەش لەبیر دەکەیت کە بەتەنیا ڕاوەستاین. خەباتیش لەپێناو گرتنەبەری سیاسەتێکی نوێی ئابووری توانای لێبڕین.

**خوێندکاری ئەڵەمانی**:

تۆ کەوتویتە داوی بیرکردنەوە لەدەسەلات. بەڵێ، تۆ جیاوازییە چینایەتییەکانت هەڵوەشاندەوە. بەڵێ. بەڵام تۆ ڕێگریت لە ڕزگاربوونی ویژدانی مرۆیی کرد. تۆ ئەی هاوڕێ ترۆتسکی کاری زۆرەملێیت خستە بەرنامەوە، کە ئێستاکە بووە بەڕاستییەکی ڕوودراو. تۆ کۆمەکت بە دەستکۆتاکردنی سەندیکاکان کردو، پشتت لێکردن بێ پشتیوان وەك دەیان بینی. تۆ بەخۆت خوازیاری دەسەلاتی بێچەندوچونی دەوڵەت بەسەر پرۆلیتاریا بوویت. بڕیاری تەقەکرنتدا لەو کارگەرانەی کە نەیارت بوون.

**ترۆتسکی** :

شۆڕش لەبەردەم مەترسی تێکشکاندا بوو. هیچ ڕێگەچارەیەکی تریش نەبوو. تۆ دەتەوێت وەك ئەنارشیستە پێشینەکان دەسەلاتو یاساکان دەستبەجێ بەتەواوی هەڵوەشێنیتەوە. ئەوان پێیان وابوو گەر دەست بەسەر هەموو شتێکا گیرا ئەوا سیستەمی نوێ خۆ بەخۆ پێکدێت.

بەڵام ئەوە لەبیر دەکەیت کە شۆڕش لە هەمووشتێك زیاتر لەجیهاندا ڕووەودەسەلاتە. بەشێك لە خەڵك بۆ سەپاندنی دەسەلاتی خۆیان بەسەر کەسانیتردا ڕێگەی توندوتیژی

دەگرنەبەر.

گـەر دەسـتەی سـەرکەوتوو توانـی دەسـەلات بـۆ خۆیـان بپـارێزێت ئـەوا بۆماوەیەکی دوورودرێژ ناتوانن چەکەکانیان فرێدەن.

**خوێندکاری ئەڵەمانی**:

باپیرانی مە وەك سەرەتایەکی گەورە دەیانڕوانییە شۆڕشی ئۆکتۆبەر. بەلاّم ئێمە خاڵە لاوازەکانی دەبینین. ئەو ئاشپەزە بە ئەزموونانە چییانە ؟

**کچە خوێندکاری فەرەنسی**:

کام ئاشپەزە بە ئەزموونانە؟

**خوینکاری ئەڵەمانی**:

لینـین دەڵێـت لـە توانـای هـەر ئاشـپەزێکدایە کـە کاروبارەکـانی دەوڵەت بەڕێوە بەرێت. لەگەڵ ئەوەشدا ئەوە بەڕێوەبەرانی دەوڵەتن سەرکردایەتی کارگەران دەکەن. هەروەها چی بەسەر هەڵوەشاندنەوەی خێزان ئەو دامەزراوە دێرینە کۆنەپەرستییەدا هات ؟ ئەوەتا ئێمە بۆ کونجەکانی ماڵو هۆدە پیرۆزەکانو ئاهەنگەکانی دایکایەتی دەگەڕێینەوە. لەبری بەدیهێنانی سەربەخۆیی بەهۆی زانستو زانیارییەوە، ئێستاکە ملکەچی یاسان دەبن. لەبری هۆنەری شۆڕشگێڕانەش، هونەری دڵخۆشی سەرلەنوێ پەیبردنەوە، سۆزو نموونەگەرایی ووشکهەلاتوو* و ترس لە شتی نادیار شوێنی دەگرێتەوە. کوانێ ئەو مرۆڤە سۆشیالیستە نوێیەی، کە لە خۆپەرستیو ڕەگەزەکانی کێبڕکێو خواستە قێزەونەکان ڕزگاری بووە؟

**ترۆتسکی** :

هاوڕێ هەروەها منیش لەگەڵ ئەوەی کە بە هەموو هێزێکمەوە دژی ئەو خەونە سۆزاوییە بۆ ڕابوردوو، دژ بەو هەستکردنە کەسییە بە کورتی ژیانو بە فیڕۆچوونی تێکۆشان جەنگیوم. بەلاّم بە بەرچاومەوە سکالاّ دەکەن. کارگەران،

سەربازان، دەریاوانان، وەرزێڕان. ژنانو پیاوان، پەککەوتانو لاوانی لێواو لێو لە تەندروستی. ڕوخساریان. جەستەی شەکەتیان دەبینم. کاتێك کە دەڕوانمە هەڵەکانی سۆشیالیزمو کەموکوڕی‌یەکانم ئەوانەی کە ئەوڕۆکە وەلاّمێکی ساڕێژکەرەوەم پێشکەش دەکەن. سیستەمی سۆشیالیستی بە هەموو کەموکوڕییەکانییەوە بەگەورەترین دەستکەوت دادەنرێت کە خەلك بەدەستیان هێناوەو لەخەباتی دژی فاشیزمدا گەورەترین ئەرك دەکەوێتە سەرشانیان. لەبەر ئەوەش پێویستە لەسەرتان هاوپشتییان بکەن.

## خویندکاری ئەفرو ئەمریکی:

لینین لەبارەی مافی ئەمریکییە ڕەشەکان لەبڕیاردانی چارەنوسیاندا دواوە بەلاّم نەیگووتوە چۆن ئەوە دەبێت. چۆن بۆمان دەلوێت یەکسانی کۆمەلاّیەتیو سیاسیو ئابووری بەدەست بێنین ؟

زۆربەی ڕەشەکان داوای دەوڵەتی سەربەخۆ دەکەن.

## ترۆتسکی :

ئەمە دروشمێکی ڕەگەز پەرستانەیە. بە هەموو ئامرازێك لەپێناو یەکسانی لە مافدا خەبات بکەن، بەلاّم ڕێگە مەدەن سەرنجتان لەسەر خەباتی چینایەتی لادرێت. بۆرژوا ڕەش پێستەکانیش ئارەزووی بەدیهێنانی یەکسانی دەکان، بەلاّم لەباری ئایدیۆلۆژییەوە هەروەك کارگەرە سپی پێستەکان بۆ بەدیهێنانی هیچ هەنگاو نانێن. ویستەکانتان فراوان و گەورەو پرۆلیتاریاش گەورەترین هێزی یەکالاّکەرەوەیە لە ململانێی چینایەتی ئەمریکادا.

## خویندکاری ئەفرۆ ئەمریکی:

لەگەڵ کارگەرانی سپی پێستدا توانای یەکگرتنمان نییە. ئەوان لە شۆڤێنیستیدا وێنەیان نییەو بەردەوام هەوڵی دوورخستنەوەمان لە فەرمانو سەندیکاو ماڵەکانیان دەدەن.

**ترۆتسکی** :

گەر کارگەری سپی پێست دەست لەخۆیان بەردەن و ببنە نێچیرێك بۆ ڕووتاندنەوە گەر بەردەوام باوەڕیان بەوە هەبێ کە دەوڵەتی ئەمریکی دەوڵەتی خۆیانە لەبەر ئەوەیە کە ئۆرۆستۆکراتی سەندیکا کارگەرییەکان لەگەڵ شیرکەتە گەورەکان و هێزە چەکدارەکاندا ڕێکەوتننامە مۆردەکەن، کەواتە هەنگاوی یەکەم لەپێشتان ئەوەیە کە بۆ ڕزگارکردنی خۆتان بجەنگن و ئەمەش هەنگاوێکی بەهێز کارا دەبێ و، نیشانەی هوشیاری ڕەوشتی سیاسی یە. گەر توانیشتان ئاستی فەرهەنگیتان بەهێز بکەن ئەوا ڕێگە بەڕووی سەرهەڵدانی سەر ـ کردایەتییەکی مارکسیستی دا ئاوەلا دەکەن. بەلام پێویستە کە خوتان لە پرۆلیتاریای سپی پێست دانەبڕن. ئێوە پێویستیتان بە هاوپەیمان و پارتی نیزامی هەیە پێکەوە کۆتان بکاتەوە. ئێوە پێشڕەو دەبن، گەر بەدابەشکراویش مانەوە ئەوا یەك لەدوای یەك لەناوتان دەبەن.

**خوێندکاری ئەمریکای خواروو:**

مانۆڕی ئەمریکییەکان لە بێرل هاربور و ئەو پۆلە فرۆکە بەهێزانەی کەبەکاریان دێنن و زەراتخانەکانی چەك تەنیا نیشانەی نین بۆئەو چارەسەرانەی کە بۆ ئەوروپای ڕۆژئاوایی دەیکێشن، بەڵکو بەڵگەی ئەوەن کە بەسەر ئەمریکای خوارووادا دێت. ڕۆزفێلت کۆتایی بە باسکردن لەبارەی پەیوەندی هاوسێیانەی باش ناهێنێت بەلام ئێمە دەزانین کە تەنیا دژی کۆمپڕادۆرەکان بجەنگین بەس نییە بەڵکو دەبێت دژی هێزی ئەمریکای سەروو بەگشتی بجەنگین. چارەنووسمان لە جەنگی پارتیزانیدایە.

**ترۆتسکی** :

هەلومەرجەکە لە ئەمریکای خواروو جیاوازە لەگەڵ هەلومەرجێك کە لە چین هەیە هەروەها جیاوازە لەگەڵ هەلومەرجێك کە لە ئەفریکاو هیند هەیە. دانیشتوانی دیهاتەکانی لای ئێوە لەگەڵ تێپەربوونی چاخەکان لەگەڵ ژیانی هەژاری و

نەداری ڕاهاتوون. لەچین سەرکردە شۆڕشگێڕەکان لەگەڵ وەرزێڕان دەژین. لەولاتانی ئێوە زەمینەی هاوبەشی فەرهەنگی نییە. گەر ئێوە بەناو وەرزێڕە گچکەکان، شوانکارە هیندەکاندا تێپەڕبن ئەوا بە گومانو درۆنگییەوە بۆتان دەڕوانن. ئێوە بەزمانی وان نادوێن. ئێوە لە شارەکان پەروەردە بوون. دەخوێننەوەو دەنووسن. ئەوان بیجگە لەکێو دۆڵ و جەنگەڵەکانیان چیتر ناناسن.

## خویندکاری ئەمریکای خواروو:

بەلام مەسەلەکە لە بیابان ئاسانترە بۆمان تا لە شارەکانو ناوەندە پیشەسازییەکاندا. دانیشتوانی بیابان بەهۆی پێداویستییەکانی ڕۆژانەیانەوە، فێر نەبوون، چۆن ڕێگەی بەدەستهێنانی دەسکەوتە خەیاڵییەکان بگرنەبەر. پارە بۆگەنی نەکردوون ئەوان بەدەگمەن دەزانن پارە چییە. لەبەئەوەش چاوەڕوانی زۆرمان لێیان هەیە. هیچ شتێکیان نییە تا لەدەستی بدەن.

## ترۆتسکی :

لەگەڵ ئەوەشدا هێشتاکە لەسەر بۆچوونەکەی منیت لەوەی کە کارگەران لە کارگەو شارەکاندا یەکەمین کەسانێکن کە هەست بە واقیعە چینایەتییەکەیان دەکەن. ئارەزووی زانینی ڕاستییەکانیان هەیە. بەلام بەبێ پێکهاتەی سیاسیو بەبێ پارت هیچ شتێك نایێتەدی.

## خویندکاری ئەمریکای خواروو:

هاوڕێ ترۆتسکی من پێموانییە ئەو بلاوکراوە پارتییانەی کە لە شارەکاندا دابەش دەکرێن سوودێکی زۆریان بۆمان هەبێت. گشت ئەو تێڕوانینانەش کە هەن گیروگرفتەکانمان سانا ناکەنەوە. لەوانەیە لەسەرمان پێویست بێت کە لە سەرەتاوە دەستپێکەینەوە هەروەك تۆ لەگەڵ دەستەیەك لە شۆڕشگێرە هەڵکەوتووەکان پێی هەستایت. لەسەرمان پێویستە لە ڕێڕەومان‌دا ستراتیژیمان بەدەست بێنین.

**ترۆتسکی** :

بەڵێ، منیش وای نابینم کە وڵاتانی پاشکەوتوو چاوەڕێبن تاوەکو پرۆلیتاریای ناوەندە پیشەسازییەکان بێن و ڕزگاریان بکەن. پێویستە هەلومەرجی شۆڕشی چەکداری لە هەموو شوێنێك بەشێوازی جۆراوجۆر برەخسێنین. لە شارەکاندا لەڕێگەی تویژینەوەی سیاسی. چالاکی مۆڵەت پێدراو نیوە مۆڵەت پێدراو بێمۆڵەتەوەوە. لە دێهاتەکانیشدا لە ڕێگەی ڕۆشنبیرییەوە لە سادەترین شێوەیدا. سەرەڕای ئەوەی کە کارگەران چینێکی سەربەخۆ پێکدێنن لە توانایاندا هەیە بەمانگرتن، خۆپیشاندان. بە هێرشی فشاردەرانەوە پێوەست بن بۆ بەدەستهێنانی داخوازییە گشتییەکان. وەرزێرە گچکە نەخوێندەوارەکان چینێك پێکناهێنن. نەتەوەکان، ڕێسا خێڵەکییەکان، ئاینەکان، ئەفسانەکان دابەشیان دەکەن. بێسەرەو بەرە بەڕووی بەرژەوەندی پەرستو دەرەبەگەکاندا شۆڕش دەکەن. برسییەتیو نەداری هانی ئەوەیان دەدات. بەڵام بۆ ئەوەی شۆڕش بەردەوام بێت دەبێت باوەڕێکی سیاسی هەبێت. لەبەر ئەم هۆیەش شۆڕش، گەر بگۆڕێت بۆ بزووتنەوەیەکی ڕزگاریکەر، ئەوا پێویستە کارگەرانی هوشیار ڕابەرایەتی بکەن.

**خوێندکاری ئەمریکای خواروو**:

گەر هەلومەرجی بابەتی، بەمانا چینایەتی‌یەکەی، لە گواتیمالا، بۆلیڤیاو، پیرۆ پێویست بێت ئەوا ڕۆژگار دەریدەخات یان ئەوەی کە هەرگیز بێت بە کردەوەی لەپڕوخۆکرد بێتەدی.


( خوێندکارەکە هەڵدەستێتەوەو ئامادەی ڕۆیشتن دەبێت).

**خوێندکاری فەرەنسی**:

کاتێك کە شاری گرینۆبل لەناوەندی پەنابەری لەیادەوەری توریز ڤالیا ئەهرینبۆرگ بەسازدانی ڤیستیڤاڵێك هەڵدەستا، چووین بۆ ڤیستیڤاڵە. ئەهرینبورگ بە پیاهەڵدانی دەوڵەت وڵاتەکەی

بـــــــــــــــۆ ل٢٧

# خـــەمێـــکی تـــر



ڕۆژی ٢٠٠٠/١١/١٦ هونەرمەندی شۆڕشگێڕو سۆشیالیست ئەحمەد کایا لەتەمەنی ٤٣ ساڵیدا، لە پاریس لە ماڵە کۆچبەرییەکەیدا بەهۆی وەستانی دڵەوە گیانی لەدەست دا و بۆشاییەك کەوتە کۆڕی خەباتی بەشمەینەتان.

ئەحمەد کایا لەو تەمەنە کورتەی ژیانیدا، خاوەنی ڕابووردوویەکی پڕ لە خۆبردوویی و چاونەترسییە و چەندین جار لەسەر هەڵوێست وەرگرتن و ڕووبەڕوو بوونەوەی خەباتکارانەیەوە وەك هاوڕێ سۆشیالیست و شۆڕگێڕەکانی تری، لەلایەن دەوڵەتی گورگە بۆرەکانەوە: خراوەتە زیندان، یەك لایەنە لەلایەن ناوەندە دا پلۆسێنەرو دادگە سەربازییەکانەوە سزای بۆ بڕاوەتەوە، بەرهەمەکانی مۆری یاساخ بوونیان لێدراوە.

گۆرانییەکانی هونەرمەند، هەردەم زادەی ئێش و ئازاری ڕۆژانەی ژیانی کۆیلە ئاسای کارگەران و زەحمەتکێشان بوون، ئاوازو وشەی چقڵی چاوی چەوسێنەران بوون، قینی پەنگخواردووی دەروونی مرۆی ئازاد یخوازوبوون، وێردی سەر زمانی هۆگرانی ڕزگاری هەتا هەتایی مرۆڤایەتی بوون، خەو و ئاسوودەیی سەروەرانیان شێواند بوو.

دوا بەربەستێك کە ڕژێمی بۆرژوازی تورکیە، بۆ بەرگرتن بە خەباتگێڕی ئەحمەد کایا پەنای بۆ برد، ئەوە بوو کە لە مارسی ئەوساڵدا سێ ساڵ و نۆ مانگ زیندانی بۆ بڕاوە، شایانی باسە هونەرمەند ساڵی ڕابوردوو وەك گۆرانیبێژی سەرکەوتووی ساڵ لە تورکیە هەڵبژێررا.

گەرچی کایا ئێستاکە لەنێوماندا نیە، بەڵام گۆرانییە یاخییەکانی هەرساتە و میوانی ماڵە هەژارێکن، بانگمان دەکەن تا لە کۆرسێکی تەبادا بلێینەوە: مەرگ بۆ ستەم، ژیان بۆ مرۆڤ. جێی خۆیەتی لێرەدا سەرەخۆشی لەخۆمان و گشت هۆگرانی هونەرەکەی ئەحمەد کایا بکەین.

ژیلەمـــۆ

# " هەڵپەی چەند زەمەنێکی جیاواز "

عەبدوڵلآ موحەمەد

... زەنگی کەنیسەکە لێیدا ، هەر ئەوەندەی بڵێی یەك ودوو ، بەو درەنگە بەرزەپێ هەستاو قاپووتەکەی لەبەرکردو ئینجیلە چکۆلەکەی دەست دایەو لەبەرباخەڵی نا، پێڵاوەکانی هەڵکێشاو دەرگای شوقەکەی لەدەرەوە خڕ داخست ، هێندە شپرزە بوو بەجۆرێك ، شەقاوێکی سێ پلەی قادرمەی لەدوای خۆی بەجێ دەهێشت ، لە باخچەی بەردەم شوقەکەدا دەستی دایە پایسکیلەکەی و تیژ دەرپەڕی.

جێبەجێ کردنی ئەم جۆرە کارانەی ئەوەندە لا مەبەست بوو ، ئامادە بوو زۆر شتی لەپێناودا بکات بەقوربان ، لەگەڵ هەر ڕووداوێکی نوێدا چەند زووتر لە کەنیسە ئامادە دەبێ، زیاتر لای دۆستانی ئێستای خۆشەویست ئەبێ و دەبێتە جێگای بڕوایان.

چۆن شۆفێری ئۆتۆمبیلی نەخۆشخانەی فریاکەوتن دەخوازێ لە چاوتروکانێکدا بگاتە ئەو جێگایەی نەخۆش یان بریندارەکەی لێیە، ئەمیش لە دڵی خۆیدا خۆزگەی دەخواست کە کارێکی وا بکرایە ، بۆ جۆرە ڕووداوێکی وەهاش ، لەگەڵ هەر زەنگ لێدانێك دا شەقامەکان جوولەیان لێ ببڕایە ، تا ئەمو هەوادارانی وەك ئەم نەهێڵن ماوەی زەنگ لێدانەکە تەواوبێ ، هەموو لە کەنیسە ئامادەبن .

قارەمان ، ئەمە کاری یەکەم جاری نییە کە خۆی لەگەڵ کەشی - باو- دا یەك بخاو بگونجێنێ و دەروێشانە بکەوێتە خزمەتی ویستو مەرامی دەستەی سەردەستەوە .

سەردەمانێك تا دیوەخانی سەرۆك جاش پارەی زۆری لێ ڕژابوو ، ئەم وەك خزمەتکارێکی بەوەفای یەکێك لەو کۆشکانە دەست بە سنگەوە بۆ گەورەکەی دەوەستا، ئەوەندنی ماستاو بۆ سەرجاشەکەی سارد کردبۆوە تا دەستی لە کاتبیی هێزەکە گیربوو بوو. کاتێکیش هێرشی بەعسییەکان بۆ ئەنفال کردنی خەڵکی بێ دیفاعی گوندەکان دەستی پێکرد ، ئەم یەکێك بوو لەو دەیان سووری بەر لەشکری پێش جەیشەکە کەوتبوون. دوای هێرشەکەش ماڵەکەی سیخنانی تالآن کردبوو.

که ڕاپەڕینەکەش دەستی پێکرد ، پاش چەند ڕۆژێك خۆ حەشاردان ، ئەمجارەیان به بەرگێکی کوردانەو تێکەڵ کردنی مشکی و جامانەوە کەوتە سۆراخ کردنی خزمە نزیك و دوورەکانی گەرمیانی و لێزانانە پڕ بە جانتایەك ناوو وێنەی شەهیدی پێشمەرگەو ئەنفال کراوی کۆکردەوەو خۆی گەیاندە لای سەرۆکی یەکێك لە حیزبە ، بە ژمارە زۆرەکەو وەك خەباتکارێکی بە جەرگ و درێژە پێدەری ڕێگای خزمە شەهیدەکانی ، پلەی ئەندامێتی وەرگرت و بە گۆڕی شەهیدان سوێندی دەخوارد ، بەو وێنەیەشی کە لەگەڵ سەرۆك دا گرتبووی چرایەك بوو کۆڵانە تاریکەکانی بەردەمی پێ ڕووناك دەکردەوە تا بە ئامانجی خۆی بگات .

هێندە کراسی خەباتی گۆڕیبوو ، بوو بوو بە کەسێکی خاوەن ئەزموونی تەواو دەوڵەمەند لەو پێناوەدا . کاتێ کە دەیویست لە خەزنەیەکی نوێ بچێتە پێشەوە ، پلانێکی ڕێك و گونجاوی بۆ دادەڕشت ، پاشان هەنگاوی بۆ دەنا. هەربۆیە ، یەکەم ڕۆژ کە پێی نایە ئەم وڵاتەوە ، نەیهێشت ئارەقی ڕێگای وشك بێتەوە ، چەند ئەدرێس و ناوێکی کەنیسەو ڕێکخراوی مرۆیی و قەشەی لە هاوڕێ هاوڕەفتارەکەی وەرگرت و هەنگاوی یەکەمی تەواو کرد .

ئەوەتانێ، وا ملی ڕێگای گرتووەو هێندەش بۆی ئەکرێ هێز دەداتە بەر قاچەکانی، تا خێراتر پایسکیلەکە بئاژوێ ، گلۆپی سووری ترافیك لایتەکەی بەرانبەری لە چاوی چەقی و بە ناچاری ئاژووتنەکەی پێ هێدی کردەوەو وەستا. بۆ لەنگەر گرتنی خۆی قاچی چەپی لەسەر زەوییەکە داناو بە بێزارییەکەوە دەستی ڕاستی بە نیوە ڕیشە بۆیاخ کراوەکەیدا دێنا کە لەگەڵ ئەم لاولای سمێڵیدا لە یەکیدا بوون .

دەنگی ڕۆژباشێك لە پشت سەرییەوە هاتە بەرگوێی ، دانەکانی بەتوندی لەسەر یەك داناو پەنجەکانی دەستی بە توندی لەناو لەپیدا نوشتانەوەو وەستانەکەی پێ گۆڕی ، ئەم سڵاوە شووڵکێکی تەڕ بوو درا بە پشت ملیدا. سیروانی لاو بوو بە زەردەخەنە ناسکەکەیەوە لە قارەمان هاتە پێش . لەبەر خۆیەوەو بە ڕقێکەوە :

ئەمە کەی کاتی سلاّو کردنە .

قارەمان لە خوای ئەویست شەقامەکان بوونەوەریان لیٚ ببڕیٚ و ترافیك لایتەکان لەکار بکەون و ئەو ناوە ببیٚ بە بیابان، تا ئەم تەنیا و بەبیٚ هیچ بەربەستیٚك باڵیان تیا بگریٚ، ئەوا لە ترافیك لایت خراپتر لەسەر چەقی ڕیٚگاکەی دا قوت بۆتەوە ، ناچاریشە تازە دەبیٚ هەر هیچ نەبیٚ چەند ساتیٚك لە تەکیدا بوەستیٚ.

لە میٚشکی خۆیدا لە فیٚلیٚك دەگەڕا تا سیروان لەکۆڵی خۆی بکاتەوە ،هەچی دەکرد نەیئەزانی چۆنی بۆ دەر بپڕیٚ کە زۆر کاریٚکی پەلەی هەیە و دەبیٚ بڕوا .

سیروانی بیٚ کاریش کە ڕۆژو شەوی وەك یەك وابوو ، لە کەسیٚك ، دۆستیٚك ، هاوزمانیٚکی دەگەڕا ، بە هۆیەوە چەند چرکەیەك لەو ژیانە پایزییەی بۆ بگۆڕیٚ.

دوای چاك و چۆنی ویستی لەگەڵ قارەمانی هاوزمانیدا دریٚژە بە ئاخاوتن بدات ، مەخابن ، کاتیٚ لە ڕوخساری وورد بووەوە هەستی کرد کە وەك ئەم تامەزرۆی پەیڤین نییە ، بە پیٚچەوانەوە وا دەبینیٚ خیٚرا خیٚرا ئاوڕ بۆ پیٚشەوە دەداتەوە ، لیٚی پرسی :

+ کاك قارەمان ، بە ئاوڕدانەوەی خیٚرا خیٚرات بۆ دواوە ، لەوە ئەچیٚ کاریٚکی زۆر بە پەلەت هەبیٚ و من ماتەڵم کردبیت ، ئەگەر وایە ، داوای لیٚ بووردنت لیٚ دەکەم ، خیٚرە ، خۆ گرفتیٚك ڕووی نەداوە ؟

قارەمان ئەم ڕستەیەی بە قەرز دەکڕی ، دەمیٚك بوو دەیویست دەست پیٚشخەری بکات و پیٚی بلیٚ ـ کاری بە پەلەی هەیە ـ ئەوا ئەو خۆی پیٚشی کەوت ، خیٚرا قسەکەی لەدەم قۆستەوە و پیٚی ووت :

= نا وەڵلا هیچ گرفتیٚك ڕووی نەداوە، بەلاّم ئیٚستا لە ماڵەوە بووم ، گویٚم لە زەنگی کەنیسەکە بوو دەستی کرد بە لیٚدان ، ئەمەویٚ زۆر زوو بگەمە ئەویٚ و نویٚژیٚ بۆ یەزدان و گیانی پاکی مەسیح بکەم . ڕاستییەکەی ئەبوایە ئیٚستا لەویٚ بوومایە ، دەبیٚ ئیزنم بدەی بڕۆم هەست دەکەم زۆر دواکەوتووم.

سیروان کە گویٚی لەو قسانە بوو ، ساردییەك بەدڵیدا هات ، هەستی کرد ئەمڕۆ

هەڵەیەکی زۆر گەورەی کردووە بێ ئەوەی بەخۆی بزانێ . ئەگەر هەر ئێستا ئەو هەڵەیە ڕاست نەکاتەوە چەند شەوێ خەوی لێ ناکەوێ . چاوی لە چاوی قارەمان بڕی و پێی ووت :

+ چییە قارەمانە فەنی ، ئەڵێی ئەتەوێ تازە دەوری ڕاسپۆتین ببینیت ؟ ؟ ؟

من بزانم خۆت لە بۆسەدا ناوەتەوە تا چنگت لە پارووییەکی چەور گیر بێ ، بەڵام دڵنیابە فڕوجاوەکەشیت دەست ناکەوێ .

چونکە ئەمە یەکەمین جار لە ژیانیدا وەها ڕووی بشکێنرێت ، زۆر ئاسایی بوو بە لایەوە و پێی ووت :

= خاڵۆ ، ناشێ جەنابت دوای مەبدەو کەوتبیی ؟ گوێ بگرە ئەمە شیعاری منە:

لە هەر جێیەك پووڵی نازدارم دیبێ

بۆی چووم قاچم لە تاوانیش چەقیبێ

گڵۆپە سەوزەکە داگیرساو لێی دا ڕۆی، سیروانیش بە دەنگێکی بەرزو گاڵتە ئامێزەوە پێی ووت :

+ تو خوا بیرت نەچێ ، نیو ڕکاتیش بۆ ئێمە بکە .

پشتی تێ کردو بە بێزارییەکەوە بە خۆی ووت :

- کاشکا ئەو سڵاوەم هەر لێ نەکردایە .

١٤/ ١١/ ٢٠٠٠

<u>**پاشماوەی ترۆتسکی لە دوورخراوگە**</u> قسەکردنەکەی درێژە پێداو وتی: هیواکانی پاراستنی ئاشتی بە سوپای سوورەوە بەستراونەتەوە. وەلەکاتی توێژینەوەدا لەکۆتایی ڤیستیڤاڵەکەدا پرسیارمان لێکرد ئەگەر دامەزرێنەری سوپای سوور سێزۆر لێرەبایە لەکێوەکان.

(خویندکارەکان بە پێکەنینەوە دەچنە دەرەوە. ترۆتسکی بەرەوپێش شەقاودەهاوێت دووربین لەگەڵ خۆی هەڵدەگرێت، لەسەر چاوی ڕایدەگرێ و بەگشت لایەکدا دەیگێڕێت).

# خەرمانەی خۆزگە

هەژێن

توند توند دەستەکانی لەسەر سنگی لیك گرێدابوون، خۆزگەکانی وەك خەونی کەوێ بەئازادبوونەوە لەهەوڵی فریندا بوون، دڵی زەرنەقوتە ئاسا فڕەفڕی بوو. بە نائاراممییەوە خۆی بە پەراسووە ڕەقەڵەکانیدا دەداو بەخێرایی تاق وتراقی پاژنەی کەوشەکانی مامۆستا لێی لێی دەدا. ئاخر لێواو لێو بوو لە پەژارەی بێدایکی و ترسی دارکارییەکانی مامۆستای وانەی هونەر. خۆزگەی بە شوێنێك دەخواست، کە لێدان و سووکایەتی نەبایە. لەترسانا چاوەکانی بەقوڵا چووبوون و نیگاکانی وەك بزمار لەدەرگەی پۆلەکە چەقیبوون. لەنێوان خەون و واقیعدا دیلانێی دەکرد، مامۆستا میهرەبانەکە کە بابی بۆی باس کردبوو لەگەڵ
مامۆستای وانەی هونەر کە زیاتر بەژن و بالای لە شوڵە تەرەکەی دەستی دەچوو بەراورد دەکرد. جارجار لەگەڵ هێنانەوە بەرچاوی لێدانی باوەژنە فرە زانەکەی و مامۆستای هونەردا موچرکێك بەلەشیدا دەهات و شانە ڕووتەڵەکانی کووڕ کووڕ لێك نزیك دەکردنەوەو هەناسەیەکی ساردی هەڵدەکێشا. لەگەڵ دەرکەوتنی لووتی قۆنەرە ڕەشەکانی مامۆستا هێندەی تر چاوەکانی لەترسانا زاقکردنەوە.

**چاودێر:** هەستن.

وەك هەڵفڕینی پۆلە کۆترێك بەدەم تەقینەوەی گوللە تۆپێکەوە، هەرکەسەو لە شوێنی خۆی وەك کێلی گۆڕ قوت بوونەوە، پۆلەکە سیمای گۆڕستانە کۆنەکانی وەبیر دێناوە. جەستە بێ گیانەکان لەبەر دەمی بەژن و بالای شووڵ ئاسای مامۆسادا، وەك وەك بووکە شووشەی منالانە دەهاتنە بەرچاو. چاوەڕێی ئەو منالە چەقوەسووە بوون دایان نیشێنێتەوە

**مامۆستا:** دانیشن !

چرکە چرکە ترس فرەتر وفرەتر دەبووە مۆتەکەوی سەردڵی ئازاد، ئاخر دەیزانی مامۆستا لە وێنەکانی ڕازی نییە و ئەویش نەیدەتوانی بێجگە لەخۆزگەکانی خۆی بەولاوە چتێکی تر وێنەکێش بکات. سێ ساڵ بوو وی هەر وێنەی خانوویەکی گەورەو پە نجەرەی گەورەو دایکێکی

میهرەبان و باخچە پڕ گوڵەکەی دەکێشاوە. ساڵان و مانگان تەنیا قەبارەو چۆنیەتی هێڵکاری و ڕەنگ ڕێژییەکەی دەگۆڕا. چەندجار مامۆستا داوای لێکردبوو، کە شتیتر وەك شەمەندەفەر، فڕۆکە، زرێپۆش و سەربازو وێنە بکێشێ. بەلام وی لەوەلامدا " ئاخر مامۆستا من تەنیا ماڵەکەی خۆمان شارەزام، هێشتاکە سواری شەمەندەفەرو فڕۆکە نەبووم، لەسەربازو زرێپۆشیش زۆر دەترسێم. ماڵەکەی خۆمانیش مامۆستا قسەکەی پێدەبڕی: بەسە، لاژەلاژ دانیشە، جارێکیتر نەبینم وێنەی ماڵ بکێشی! لەوەلامدا دەیگوت " بۆ مامۆستا تۆ ڕکت لەماڵی خۆتان دەبێتەوە. هێندەیتر مامۆستا قوشقی دەبووو شووڵە تەڕەکەی لێڕاست دەکردەوەو بەسەریدا هاواری دەکرد: بەسە بیبڕەوە وتم دەمدرێژی مەکە ئەڵێی سەگی گەڕی! وردە وردە مامۆستا خەریك بوو لە ڕیزی ناوەڕاست نزیك دەبووەوە، چەندجار پەڕاوی وێنەکێشانەکەی دەرهێناو خستییەوە ژێر مێزەکە. نەیدەزانی چ بکات باشە؛ خانووە پان و پۆڕە دلگیرەکەی ئەم هەفتەی نیشان بدات یان بلێت لەبیرم چووە. مامۆستا دەستی چەپی لەنێو گیرفانی چاکەتەکەی نابووو بەدەستی ڕاستی شووڵە تەڕەکەی ڕادەوەشاند: ئم. باشە، بەلام جارێکیتر وانا . باشە، باشە . ئم. باشە، بۆ دەفتەر ڕەسمەکەت پیس بووە وەك خۆت چڵمنی پیس ها ؟

+ مامۆستا خوشکە بچکۆلەکەم پیسی کرد.

– ئم. ئم، باشە . تۆ جەناب، پێم نەوتی دەفتەری تازە بکرە .. ؟

+ بەخوا مامۆستا دایکم دەڵێ بوەستە تا سەری مانگ، ئەسیرانەکەی بابت وەرگرم، ئەوسا بۆتی دەکرم.

– ئم. باشە . هەستە عەبدولا، نیشانی ئەو چڵمنانەی بدە بافێربن، ئافرین کوڕم ئافەرین، باوکت چۆنە ؟

**عەبدوڵلا:** سەلامەتە؟ بەڵێ مامۆستا.

ئازاد جەستەی بووبووە دڵێکی پڕ ترس و لەناو گێژاوی ئەو ترسەدا، تەنیا تروسکاییەك کەشکی دەبرد، بەڵێنەکانی بابی بوون. ئاخ بابە گیان هەر بۆت ڕوون نەکردمەوە، کەی ئەو ڕۆژە دێ کە بۆمت باس دەکرد. ئاخر بابە گیان، بەتەنیا لەنێوان دڵڕەقی باوەژن و مامۆستای هونەردا

ورد دەبم، بابە گیان خۆزگە هەر ئێستا دونیا بگۆڕیایە بەو ڕۆژەی کە دەتوت " هەمووان خانووی کراوەو باخچەو ژووری تایبەتیان دەبێت، هەمووان وەك یەك کار دەکەن و وەك یەك بەریان دەکەوێ. ئیتر کەس ڕقی لەکەس نابێت. مرۆڤایەتی دایك و بابی هەموانە، کوا بابە گیان. ئێستاکە بۆ بەهانامەوە نایێت ؟ بابە گیان چۆن دڵت هات ئەو ڕازەم لێبشاریتەوە ؟ ئەزانم تۆ دەتوت هێشتاکە تۆ منداڵی زووە بۆ ئەوەی کە مێشکە چکۆلەکەت قورس بکەی. هەردەم دەتوت بخوێنە کاتێ کە گەورە بووی خۆت ئەو ڕاستیانە دەرك دەکەی. ئاخر بابە گیان، ئەترسم ڕێگەی شاری خۆشبەختی نێو چیرۆکەکانت نەدۆزمەوە. کەس نییە پاش تۆ چیرۆکی هیوا بەخشم بۆ بگێڕێتەوە .

دەنگی مامۆستا زنجیری بیرەوەرییەکانی پسان و وەك نەمامێکی دەمرەشەبا شەکایەوە. - ئممم. چییە ئازاأأأدە فەنی ، دەفتەرەکەت لەبیرچووە ؟

+ نەخێر مامۆستا.

- وونت کردووە ؟

+ نەخێر مامۆستا.

- ئەی توتکە سەگ بۆ لەسەر مێزەکە دات نەناوە؟

+ ئاخر

- ئاخر چی ؟

+ ئاخر مامۆستا، من نازانم ئەو شتانەی تۆ داوایان دەکەی بیانکێشم، هەر ناشیرین دەردەچن خەتای من نییە. من حەزم لەفرۆکەو سەرباز نییە، حەزم لە خانووی نێو چیرۆکەکانی بابمە، حەزم لەباوەشی دایکمە. حەزدەکەم من و ئاڤاری خوشکم ژووری خۆمان هەبێت. ئاخر

- بەسە وڕە وڕ جارێکیتر دەتکەمە دەرەوە تافێری شتی چاك بیت، فرە بلێی تەمەڵ ئازاد وەها هاتبووە گۆ دەتگوت، بڕیاری داوە بەستەڵەکی ترس بشکێنێت.

+ ئاخر مامۆستا بابم دەیوت گەر مرۆڤ کۆڵ نەدات بەئامانجی خۆی دەگات.

- بابیشت درۆ دەکات !

**ئاراس :** ماموستا بابی مردووه ؟

**ماموستا :** وسبه سه‌گی پیس و پوخڵ، کێ له تۆی پرسیوه.

گریان پەنگابووه قورگی ئازاد ودەنگەژێکانی ئاوازێکی خەمگینیان دەژەنی و قینی پەنگ خواردووی بینی هاوپۆله رووتەڵەکانی جۆشی دەخوارد.

+ بابم قەت باسی ئازایی خۆی نەدەکرد، بابم دەیوت خەمی ئێمه خەمی کەسانی تریشه.

**ماموستا :** بیبڕەوە، ئەگینا دەتکەمه دەرەوە ؟

+ بابم دەیوت مرۆڤ بەنرخەو دەبێ ڕێزی لیٚ بگیرێ

ماموستا لەوە زیاتر نەیدەتوانی بەر بە لاواز بوونی خۆی بگرێ بەرامبەر مناڵێکی دووازدە ساڵان، لە پشتەوەڕا میلوانی کراسه کۆنەکەی ئازادی گرت و یەخەی کراسەکەی بوو بەجڵی دەمقە پالی سەگ، بە شووڵ و پاڵ ئازادی خستە ئەو دیو دەرگەی پۆلەکە.

ئازاد بەدەم خۆپساندنەوە بەردەوام دەیوتەوە :

+ خانووەکەم هێندەی دونیا گەورە

دەکەم، تا هەمووان ژووری خۆیان هەبێت، ژوورێکش بۆ ئاراسی هاوەڵم. بۆ هەمووتان .. بۆ هەمووتان بۆ هەمووان.. بۆۆۆۆ

کاتێ ماموستا ئاوڕی داوە، هاوپۆلەکانی ئازاد بێجگە لەکورە خرپنە حه پۆلەکەی حاجی برایمی گشت بەچاوی پڕ ئەشکەوە بەرەو دەرگەکە بە شوێن ئازاد کەوتبوونە ڕێ.

**ماموستا** بۆ کوێ بێ دایك و بابینە. وەرن دانیشن، ئەگینا بابتان بانگ دەکەمە ئێرە، وەك سەگ دەتان تۆپێنم ؟

بەلام کەسیان گوێیان نەدایه هەڕەشەکانی و بەدوای ویدا چوونەدەرێ، قاقای پێکەنینیان لە ڕاڕەوە داخراوەکەدا دەنگی دەداوە، + با بۆخۆی وێنەی عەولا حۆڵی حاجی برایم بکێشێ.

# فەرشی خویّن

## بــژار

وەکوخیّلّی تاریکە شەو لە سیّ لاوە هەلّیان داوە
وەکو گەلە گورگی سەحرا ،
لوورە لووریان لە (( بەیباع )) و
لە (( کەمالیە )) ولە شەقامی ((٥٢))دا لیّک ئالاّوە
وەک لەشکری ئینسان کوژی سەردەمانی
دەستی سەوزو غەزاکردن ، (( هەلهوّلە ))یان لیّ هەستاوە
وەکو ڕەمزی جەلاّدانەی بزوتنەوەی (( عروبە ))یان
حەگالّیّکی قیّزەوونی (( ئەبو حەلا ))ی دیکتاتوّریان لەسەر ناوە
وەک (( ئەسحابە ))ی تالاّن کەرو منالّ بەرو سەر پەڕیّنەر
عابای سفتی ئاورشمینی قسەی زلیان فڕیّداوە
وەک دیواری قوڕی (( لادێ ))ش ، دەم وچاویان
بەنەفرەتی هەرچی خەلّکی چەوساوەیە لە (( عیّراق ))دا سیواغ داوە
******* ******* *******
دەیانەویّ ئەو سەردەمەی
سەربڕینی ئینسان لە ژیر
ناوی (( کوفر ))ا وەک نیعمەتیّک سەیر دەکرا ، بیهیّننەوە
دەیانەویّ قەسابخانەی شاری (( کوففە ))
کەهەزاران بەشەر تیایا بیّ سەرکرا ، بیهیّننەوە
دەیانەویّ ئەو شمشیّرە ژەنگاوییانەی
لە (( ئوحود )) و (( بەدر و حونەین )) بوّ لیّدانی
بیّباوەڕی بە ئەفسانە ، بەگەردنی خەلّکا برا ، بیهیّننەوە
دەیانەویّ ئەو موّتەکەی ترس و بیمەی
لەدوای بانگی (( کولەکە ))وە
بەقورسایی ((ئەل بەقەرە )) بەناو چاوی ژنا برا ، بیهیّننەوە
******* ******* *******
لە (( عیّراق ))دا ،

لەو ماڵانەی ((چەفتە ))و((حیجاب )) فڕێ دەدەن
لەوماڵانەی بەردی زانست
بەئاوێنەی بیری کۆنی سەدەی کۆچ کردوودا دەبەن
لەو ماڵانەی چرای تاسە
بۆ ئازادی ووشەی سووری زار هەڵدەکەن
لەو ماڵانەی قافڵەی تیشک
بۆتاریکی ناو کومەڵگا بەڕێ دەخەن
لەو ماڵانەی ئینسان تیایا
بۆ پەپولەی باڵ ڕەنگینی یەکسانی ژن لەگەڵ پیاوا
دەبنە دارو دەبنە گوڵ و دەبنە دەوەن
قەسابخانە دانراوە
هەرچی ئابڕووی
کۆن وتازەی (( ئاهورمەزدا ))کانیش هەیە
وەکو خۆڵی سەر جادەکان لەژێرپێدا داکراوە
*******      *******      *******
لەعێراقدا ، ژنان دەبێت
زوانیان وەکو دەرگای مەخزەن قفڵ بدەن
دەبێت نیگای چاوی گەشیان
هەر بەتەنیا لەگەڵ ئەرزی بەرپێیاندا بەیەک بگەن
ژنان دەبێت لەنێوانی (( بەعس ))و ئایین
بەپێی ئایەت ،
بەپێی یاسای بزوتنەوەی (( عروبە ))کەی وەحشی (( عۆجە ))
لە ژێر دەمی (( زوڵفەقار ))ی دەستی (( عودەی )) سەردابخەن
دەبێت بە شمشێری (( تاریق )) سەریان بڕن
تابتوانن لە ((ئیسپانیا ))ی ناو بەغدادا
بۆ ئیمامی گەورەی ئیسلام ، سەددام حسەین ،
هەموو ڕۆژێک فەرشی تازەی خوێن ڕابخەن ،

بـــژار - کەنەدا
٢١ی نۆڤەمبەری ٢٠٠٠

# ئەم وڵاتە

خالید بایەزیدی (دلێر)
ڤانکۆڤەر ، کەنەدا

ئەم وڵاتە ، زۆر لە مێژە
زریانە
ڕەشەبایە
نەک ئەم بایەی خێری تیایە
دەشت و چیا
شار و لادێ
وڵات هەمووی لەژێر ڤین و بەڵادایە
ئەم وڵاتە شیرینە
خاک و خۆڵی زێڕینە
پەڵەڕەشی هەوری بێ وەخت
بەڤین و تووڕە
وەک دێوەزمە
بەسەر لاشە و خوێن دا
هەنگاو هەڵدێنێ
بە پێکەنین

# خەلیفەیەك

خالید بایەزیدی ( دلێر )

ڤانكۆڤەر ، كەنەدا

دوو هەزار سالّ لەمەوپێش
خەلیفەیەك
سیمای هەزاران ئینسانی
بە گوتنی نا، نـ...ا ...
بە تەكبیری یا ئەلّلاّه
بزر كرد ...
بە گۆشتو ئێسكانی
هەزاران كەنیسەو مزگەوتی
لیّ دروستكرد
بەشمشێری یا عەلی
یا كڕنوش بردن بۆ خوا
یا هەرگیز ،
نەلێی : نا، نـ ا

# تارمایی پیاو و سێبەری ترس

هەژێن

بەیانی زوو
بۆ ڕابوونی
ڕێسای خەواڵوو
زاری خوا
شورەیی لێ دەبارێ؛
پشتێنەی ئاسن
وەبیری زیندانەوان
دێنێتەوە .
چ ساتە وەختێکی ترسناکە:
کاتێ، قو بانگی دەست بەکار بوون
بەگوێی ئەژدیهادا ئەچڕێ .
چ شەوگارێکی سەختە:
کاتێ، شەمشەمە کوێران
لە ئەشکەوتی هەزار هەزارا
لە بووم و لێڵی بەربەیانا
هەڵدەکۆڵن چاوی کیژۆڵان
پێش لەدایک بوون
نێوی حەیا

بەرگی جیا

یاسای دڕ

ڕێسای شڕ

بە باڵایان دەبڕن .

دەمەو خۆرئاوا

پاش لەدایک بوون

سەرە گوریسی سەر دەرگە

نیشانە بۆ بەڵای خوا

لەبری شایی و چڕان

دەگرن، کۆڕی دڵدانەوەو گریان

بەگوێزانێکی ژەنگن

ناوکیان دەبڕن

پاش دارە دارەو پێگرتن

پێش خۆناسین و هەوەسکردن

لە حەرەمسەرای خوادادا

بە شمشێرەکەی فاروق

هێنیان دەبڕن

بۆ سڕکردنی ویژدان

سەرووەران، بە پەڕەی قورئان

دەستی تاوانیان دەسڕن .

# دیـــــــــوار

هەژێن

بەڕووما
دیواری دەڕمی و
لە تەنیشتما
دیواری دەچنری
نیو سەدە لەمەوبەر:
پێیان هەڵچنیم و
لە شەو ڕۆژێکا
ڕمانیان بەسەرما.
نیو سەدە لەبیرما
قوتیان کردەوەو
لەشەوێکا، خەریکن :
لەتەپوتۆزی
پاشماوەکەی
پەنجاو پێنج ساڵ لەمەوبەر،
دیوارێکی نوێ
لەسەر پشتم
هەڵچننەوە.

٢٠٠٠/١٠/٠٣

# چیخۆف و شانۆ

## «نیمی رۆڤیچ دانچنکۆ» بەڕێوەبەری شانۆی هونەری مۆسکۆ

و. هەژێن

کاتێك "چیخۆڤ"م ناسی، هەردووکمان تێکەڵی ژیانێکی کۆمەڵایەتی بوو بووین: وی لە ئەدەبیات و نووسیندا و منیش لەبواری شانۆدا. هەردووکمان سەروکارمان بەجۆرە هونەرێکەوە بوو کە پێکەوەی گرێ دەداین. ئەوەی کە لێکی نزیك دەکردینەوە، دژوارییەك بوو کە لە بارودۆخی ڕسوایی شانۆی ئەودەم لەگەڵی ڕووبەڕوو بووین ئەم دژوارییە کە لەلای هەردووومان هەبوو ناچاری دەکردین کە بەدوای ڕێگەچارەدا بگەڕێین. تا لەسەرئەنجامدا ئەم هەوڵ و لەچارەسەر گەڕانە "شانۆی هونەری مۆسکۆ "یان وەك دەیانگوت " شانۆی چیخۆڤ "ی لێ بەدیهات.

لە نێوان کەسایەتییە داستانییەکانی چیخۆڤ و پاڵەوانانی نووسەرانی تری ئەودەم جیاوازییەکی بەرچاوو لەڕادەبەدەر هەبوو. ئەوەی شانۆ نووسانی تر بۆ پاڵەوانەکانیان بەپێویستیان دەزانی و بەوجۆرە دەیانخستنەڕوو بەهیچ شێوەیەك لە بەرهەمەکانی چیخۆڤ دا بەرچاو نەدەکەوتن. پاڵەوانانی چیخۆڤ کەسانی سادە و ئاسایی بوون و لەبارەی شتە ڕۆتینییەکانی ژیانی ڕۆژانەوە دەدوان. ژینگەیان وەك خۆیان سادە و بێ زەرق و بریق بوو. هیچ یەك لە کەسایەتییە داستانییەکانی وی لەشێوەی پاڵەوانێکی سەرکەوتوو و، بەتواناتر لە کەسانی ئاسایی دەرنەدەکەوت، لەلایەکیتریشەوە بیریان لەخەون و خەیاڵی بەرزەفڕانە نەدەکردەوە. بەپێچەوانەوە کەسانی ڕووت و ڕەجاڵ بوون کە نووسەر هەوڵیدابوو تەنانەت ڕەوشتە خراپەکانیان نیشان بدات؛ خۆپەرستی وان وەها کۆمیدییانە نیشان درابوو کە مرۆڤ لەهەندێ ڕووەوە نائاگا لەخۆوە لەبەرامبەریان هەستی بەسۆز دەکرد. بەم شێوازە چیخۆڤ پێشنیاری ژیانێکی باشتری دادەڕێژا.

بێجگە لەمە شتگەلی دیمەنەنەکان لە بەرهەمەکانی چیخۆڤ دا هەروەك

کەسایەتییەکانی بێ ئارایش و سادە بوون : شەوی مانگەشەو، باخی ژاکاو و لاکەوتە، بێدەنگی، دەنگی ویلنی لەدوورەوە، گریەو زاری کووندەپەپوو لەشەودا و ئەوەی پێویستە بووترێ ئەوەیە کە هیچکام لەمانە بڕیار لەسەردراو و لەبەرچاو گیراو نین، تا ئەوەندەی من ئاگادارم چیخۆڤ بەهیچ شێوەیەك ئاگای لەم جوانییانە نەبوو، کە چۆن ڕەنگی دڵپەسەندی بەرهەمەکانی جوانترو دڵگیرتر دەکات، هەرچەندە بێ دڕدۆنگی دەتوانی بڵێی جوانی شانۆییەکانی چیخۆڤ تا ڕادەیەکی زۆر پەیوەندی بەم سادەو ساکارییەوە هەیە. هێندێك پێیان وایە کەچیخۆف لەبەرهەمەکانیدا تێکۆشاوە تا شێوەیەکی نوێ داهێنێت یان نوێکاری دابڕێژێت، بێ پەردە دەیڵێم کە ئەمانە بە هەڵەدا چوون. ئەویش وەك هەر شانۆ نووسێکیتر تێدەکۆشا پاڵەوانانی چاك و دڵخوازی خۆیی و خەڵك بداتە دەرەوە تاوەکو بەرهەمەکەی باش و دڵپەسەندتر بێت و بەهیچ شێوەیەك لەو باوەڕەدا نەبوو کە شۆڕشێك لە شانۆدا بەرێ بخات و بەرهەمانێك بداتە دەرەوە کە لەگەڵ نووسینی کەسانیتر جیاوازی گشتی هەبێت بە واتایەکیتر پێشی هاوکارەکانی تری بداتەوە

ئارەزووی چیخۆڤ ئەوە بوو کە ئەوەی شانۆی سەردەمەکەی دەیخوازێت، بەدەستی بێنێت و لەبەرهەمەکانیدا وەلامدەرەوەی ئەم داخوازییە بێت. لەم ڕووەوە خەڵکی بەوجۆرە کە خۆی لە ژیانی ڕۆژانەدا دەیدیتن نیشان بدات.

بەهێنانی، چرا، زۆپا، سەماوەر، دەنگی پیانۆ، سیگار، خوشك، برا، ناسیاو، خزم، ئاواز، شەراب خواردنەوەو، هەزاران وردەکاریتر لە بەرهەمەکانیدا، ژیانی واقیعی پێکدەهێناو گەرموگوڕی پێدەدا.

چیخۆڤ لە ڕوانگەی تایبەتی خۆیەوە بۆ کەسایەتییەکانی دەڕوانی و هیچکات نەدەکەوتە ژێر کارایی کەسانیترەوە : بۆدکتۆران، بە تایبەت ئەوانەی کە فەرمانبەری دەوڵتی بوون تێڕوانینێکی ڕێزگیرانەی هەبوو. چونکە پێی وابوو کە دکتۆر خزمەتگەری خەڵکە. بەلام جارجارە دەبینین کە دیوی شاراوەی مەسەلەکەشی نیشان

دەدا، واتە هەر ئەم دکتۆرە بەڕێزە واتە ئاغای "ئیڤانۆڤ "ی بەڕێز کاتێك دەوروبەری خۆی چۆڵ دەبینێت، دەڵێت:

– خاکم بەسەر، پارەی ڤیزێتەکەی خۆیشی نەدا، تەنیا سەرئێشەیە!

چیخۆڤ بەم وشەیە ڕووپۆش لە ڕووخساری کەسایەتییەکی بەڕێز کە خۆی خولقاندبووی ڕادەماڵێت و لە کۆتایی شانۆییەکەدا مرۆڤ پەی بەوە دەبات کە ئەم ئاغا بەڕێزو خزمەتگەرەی کۆمەڵگە چەندی بێ نرخ، نالەبارو خۆپەرستو بێ هەست بووە. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ئەم پزیشکە مرۆڤێکی بەشەرەفە، بەوجۆرەی کە یەکێك لە کەسایەتیەکانی بەسەرهاتەکە لەدیمەنێکدا پێی دەڵێت :

– ئاغای ئیڤانۆڤ ورگی ئێوە پڕە لە شەرەف و چاکە!

هەروەها کاتێك کە یەکێکی‌تر هاوار دەکات :

– ئاغای " ئیڤانۆڤ " لەبەرچاوی هەمووان پێت دەڵێم کە ڕسواو بێشەرەفیت.

تەنانەت بینەرێك نابینن کە لەگەڵ وی‌دا هاوبیر بێ.

لەشانۆییەکی ئاساییدا ێگومان لەم جۆرە دیمەنانەدا کە ئەکتەر بە توندی لە هەڵچوندایە، دەنگی چەپڵەلێدان بەرز دەبێتەوە. بەڵام لەنواندنی بەرهەمی چیخۆڤدا ڕێك بەپێچەوانەی ئەمەوە ئەکتەر بەهیچ شێوەیەك ناتوانێت سوود لەم جۆرە بزوانە وەرگرێت و سەرنجی بینەر بۆخۆی ڕاکێشێت.

بۆ ڕۆڵبینین لە شانۆییەکانی چیخۆڤدا پێویستە ئەکتەرەکان شتێکی‌تریان تێدا هەبێت، ئەوەی کە ئەکتەر دەبێت کەمێك نائاسایی بێت و هەستی هونەریشی شتێکی‌تر.

لەودەمەدا کە بۆ یەکەمجار شانۆییەکانی چیخۆڤ دەهاتنەسەر شانۆ، ئەکتەرەکان فرە ڕۆشنبیرو بەسەلیقە بوون، هەر ئەم ئەکتەرە چالاکانە بۆ یەکەمجار شانۆیی "ئیڤانۆڤ "یان بردەسەر شانۆو سەرکەوتنی بەدەست هێنا بەڵام گەر ڕاستیت بوێت ئەم سەرکەوتنە ڕیشەدار نەبووو کارایی لەسەر بینەر دانەنا، لەبەرئەوەی ئەوەی وان دەیاندایە بینەر چیخۆڤی نەبوو وان دەرکیان لەبەرهەمەکانی چیخۆڤ کە تاڕادەیەکی

زۆر لەتەك خەیاڵی خۆیان ئامێتە بوو نیشانی خەڵك دەدا. لەم شانۆییەدا بینەر هەر ئەوشتانەی كە لە شانۆ ئاساییەكانی ئەوكات دەیدیت بەدی دەكرد؛ دێكۆری ئاسایی، قوماشی سەوز ڕەنگ كە نیشانەی داروردەخت بوو، ڕووناكی مانگەشەوی دەستكرد، ژووره چوارلاكان بینەر دوێنێ هەموو ئەمانەی دیتبووو سبەینێش لە شانۆییەكیتردا دەیبینینەوە بینەر خۆشیان لێ ئەهات، بەو جۆرەی كە نووسینەكانی چیخۆڤ ئەرزشێكی تایبەتیان هەبوو چێژیان وەردەگرت، بەڵام ئەوەی گرنگ بوو شانۆی چیخۆڤ بوو، واتە ڕاهێنانی بینەر لە هەمان ڕوانگەیەوە كەچیخۆڤ بۆ دونیاو وەرچەرخانی دەڕوانێت بۆجیهان بڕوانن و دیمەن و وشە تەنیا ئامرازی نواندنی ئەم مەبەستەن.

*

دوو ساڵ پاش نووسینی شانۆیی "ئیڤانۆڤ"و نواندنی، چیخۆڤ "جەنگەڵەوان "ی نووسی و دایە تەماشاخانەیەك كە بڕیار بوو لە مۆسكۆ بكرێتەوە. باش لە بیرم نییە كە خەڵك چۆن پێشوازیان لە شانۆییە كرد، تەنیا دەتوانم ئەوەندە بڵێم كە سەركەوتنێكی وەهای بەدەست نەهێنا، لە بیرمە كارابیەك كە لەسەر من داینا بوونی جیاوازییەكی فراوانی نێوان خودی شانۆییەكەو نواندنەكەی بوو كە هەستم پێكرد. ئەكتەرەكان باش ڕۆڵیان دەگێڕا، بەڵام قسەكانیان، هەست و كرداریان وەها دەهاتە بەر چاو كە لە ژیانی واقیعییەوە دوور بوون.

زۆر خەڵكی هۆگر و پەرتووك خوێنەرم دەناسی كە لەگەڵ ئەوەی سەروكاریان بە دونیای موزیك و ئەدەبیاتەوە هەبوو بێزار بوون و لە هۆڵەكە چوونە دەرەوە.

هۆگران و كەس وكاری بەڕێوەبەران ئەمانەیان بەكەسانی بێ هەست و دڕندەو بێ زەوق ناو دێنا.

لە ڕاستیدا ئەوان هیچ تاوانێكیان نەبوو و بێگومان بێ هەست و بێ زەوقیش نەبوون، بەڵام شانۆی باو وەڵامدەرەوەی خواستەكانیان نەبووو پێی مەست نەدەبوون.

**خەتاشـیان نـەبوو. گـەر خەتایـەکیش هـەبوو بێـت لـە ئەسـتۆی شـانۆ بـووە. بـەم دەستنیشان کردنە کورتە مەسەلەیەك دێتە پێشەوە :**

**ئایا دەتوانرێت هونەر وەها بخرێتە ڕوو کە بینەر خۆی تیا ببینێتەوەو خرۆشانی هونەری لە ژیانی واقیعیـدا بـەدی بکـات ؟ بـە واتایـەکیتر بـە ڕادەیـەك شـانۆ نزیـكو هاوئاهەنگ بە ژیانی خۆی ببینێت لە بیر بکات کە بەسەرهاتە لە سەرشانۆ.**

**بۆ بەدەستهێنانی سەرکەوتوویی لەم بوارەدا دەبوو چی بکرایـە ؟ چـی ڕێگـر بـوو، شوێنی شـانۆ، یان شێوەی نواندن؟ ئەم مەسـەلە گرنگە کـە ماوەیـەك بـوو تـێڕوانینی زۆرێك لەو کەسانەی کە لە شانۆکاندا کاریان دەکرد بـەخۆوە خـەریك کردبوو، چیخۆڤ چارەسەری کرد**

## نامەکان

١٢ ی ئایاری ١٨٩٨

هاوەڵی ئازیز ئانتوان پاڤلۆڤیچ

چەند سات لەمەوبەر نامەیـەکم بـۆت نـاردو ئێسـتاکە نامـەی تـۆم بەدەسـت گەبشـت. بـۆم دەرکەوت کە مۆڵەتی نواندنی " چایکا " مان پێنادەی ؟ ئەم شانۆییە لـە شـارەکانو گشـت جێیەك دەرهێنراوە، بۆچ لە مۆسکۆ مۆڵەت نـادەی ؟ چـاك دەزانم کـە " چایکـا " لایـەنگری فرەی هەیە. لـە ڕۆژنامەکانی "خارکۆف"و "ئۆدسـا" لەبارەیـەوە زۆریـان نووسـیوە. لـەچی پەرێشانی ؟ ئایا تەنیا لەمۆسکۆ مۆڵەت نادەی ؟ بەجۆرێك کـە لەزۆربـەی شـارەکان تەنانـەت بەبێ مۆڵەتی نواندوویانە. ئەگەر گرنگی پێنادەی تێبینییەکم بۆ بنووسەو باسی بکە کـەکارت نیـیە بەسەر نواندنییەوە. بەڵام ڕاستیت دەوێت تێناگەم بۆچ پێـت وایـە لەمۆسـکۆ نـاتوانرێت دەر بهێنرێت ؟ بەکورتی بەڵگەکانی تۆ من ڕازی ناکەن. مەگەر لەمن دڵنیا نیت ؟ تو خـوا زوو لە بڕیاردانی خۆت ئاگادارم کە، یان باشتر بڵێم ڕازیبوونی خۆت لـەوەڵامی ئـەم نامەیـەدا بـۆم بنووسە. دەبێت بیر لەداڕشتتن بکەمەوەو دیکۆرە_ کانی پەردەی یەکەم بدەمە دروستکردن. باری دەرونیت چۆنە؟

سلاوم بەهەمووان بگەیێنە.

هاوەڵت نێمی روڤیچ دانچنکۆ

٣١ ی ئایاری ١٨٩٨

هاوەڵی ئازیزم ئانتوان پاڤلۆڤیچ

دواجار نامەی تۆ گەیشت. وا تێگەیشتم کە "چایکا" دەردێنین ماوەیەکیتر دێمە لات. دامنابوو پانزەهەمی ژوئیە بەرەو مۆسکۆ بکەومەڕێ.(پرۆڤەکان زووتر لەوەی کە بڕیار بوو، بەبێ من دەستیان پێکردووە.) بەلام ئێستاکە کە تۆ داواتکردووە، زووتر دەکەومەڕێ. تاوەکو دەهەمی ژوئیە دەگەمەلات، چاوەڕێم بە. لەڕێگەوبانە خراپەکان ناترسم، هەرجۆر بووە خۆم دەگەیێنمە ئەوێندەرێ. بەردەوام " چایکا " دەخوێنمەوەو لەدووی شێوازی نوێدا دەگەڕێم تا بەدوورکەوتنەوە لە ڕێسا کۆنە شانۆییەکان بتوانم ئەوەی لەشانۆییەکەدا ڕەنگی داوەتەوە بگەیێنمە بینەران، بەجۆرێك کەجێی ڕەزامەندی وان بێتو بەدڵیان بێت.

خەڵك هێشتاکە نازانن ( لەوانەشە هیچکات نەزانن) کە هەمیشە دەکەونە ژێرکاریی بارودۆخێك کە نواندنەکە دروستی دەکات. دەبێت ئەم بارودۆخە پێك بهێنرێت. دەبێت لەم ڕێگەیەدا تێبکۆشین.

خوا لەگەڵ نێمی روڤیچ دانچنکۆ

٥ ی نۆڤەمبەری ١٨٩٨

ئانتوان پاڤلۆڤیچ هاوەڵی ئازیز

زۆر سوپاس بۆ نامەکەت. کارەکەمان باشە، ڕاستیت دەوێت چاك بەڕێکەوتووە ڕۆژنامەکان هەراو هوریایان بەڕێخستووەو هێرش دەکەنەسەرمان. بەلام دەتوانی چی بکەیت جارجار خەڵك زۆر لەڕادەبەدەر بێشەرمییان دەخەنە روو شانۆیی " تزار فیئۆدۆر " سەرکەوتنێکی

سەرسووڕهێنەری بەدەست هێناوە. هەمووان بەبێ ئارامییەوە چاوەڕوانی " چایکا " دەکەن. ئەم پێشوازییە هەم خۆشحاڵم دەکات و هەم دەمترسێنی. بەڵام تا شانۆییەکە بەبێ کەموکوڕی ئامادەی نواندن نەکەین نایهێنینە سەر شانۆ. ڕۆڵی " تری گورین " ستانیسلاڤسکی دەیگێڕێت و ئەکتەری ڕۆڵی "ماشا "م گۆڕی. هێشتاکە نازانم چ کەسانێك ڕۆڵی " دورن " و " سورین " بگێڕن. لەڕۆژنامەدا خوێندمەوە کە نەخۆش کەوتووی، زۆر ترسام، خۆشبەختانە نامەت هات. شانۆیی " ئەنتی گن " بەزوویی بۆت ڕەوانە دەکەم. چاك بۆم بنووسە کە چی دەکەیت و ئایا نیازت هەیە هەر لە " کریمە " بمێنیتەوە یان بەمزووانە دەگەڕێیتەوە ؟ هەموو ئەمانەم بۆ بنووسە.

نمی روڤیچ دانچنکۆ

**شەوی یەکەمی نواندنی" چایکا لەسەر شانۆی هونەری مۆسکۆ**

**دواجار هەژدەهەمی دێسەمبەری ١٨٩٨ هاتە پێش. لەهۆڵەکەدا خەڵکێکی زۆر بەرچاو ناکەون. شانۆیی چیخۆڤ هۆڵەکەی پڕ نەکردووە. " میزانسن "ی پەردەی یەکەم زۆر نوێکاری تێدا بوو. بەپێی نووسینەکەی نووسەر ڕێگەیەك بەناوەڕاستی تەختی شانۆدا تێدەپەڕی، سەکۆیەك لەکۆتای تەختەکەدا ڕێگەکەی کۆتایی پێدێنا، لەبەرامبەر سەکۆکەدا پەردەیەك هەڵواسرابوو. ئەمە دیمەنێکە کە " کنستانتین "ی تێدا دەردەکەوێت. کاتێك کە ئەم پەردەیە لادەدرێت دەریاچەو مانگەشەو بەرچاو دەکەون. لە هەر شانۆیەکی باودا دەبوو کورسی دابنرێن تاوەکو ئەکتەرەکان لەسەریان دانیشن، بەڵام ئێمە کورسییەکی گەورەو درێژمان لەپێشەوەی شانۆ دانابوو. لەلای چەپی شانۆوە بنەدارێك کە دەبوو " ماشا " لەسەری دانیشێت دانرابوو و کەمێك ئەولاتر کورسی یەکی تر. لەسەر کورسییەکەی پێشەوەی شانۆکە ئەو ئەکتەرانەی کە دەبوو نواندنی شانۆکە سەیرکەن، پشت لەجەماوەر دادەنیشتن.**

**لەبەر ئەوەی مانگەشەو لەپشت پەردەی سەکۆکەیە، سەر شانۆتاریکە.**

هەم تاریکی و هەم کەسانێك کە لەسەر شانۆ دانیشتبوون، بێزارییەکی فرەی بەرێخست. گاڵتەیان پێدەکردین و بە توانج و لۆمە بەگەمژەیان دادەنایین، بەڵام لەولاوە کەسانێك کە شانۆییەکەیان وەك واقیعیەتێك کە لەژیانی ئاساییدا ڕوودەدات دەبینی، لەم ڕاستییە چێژیان وەردەگرت، ئەوەی مە دەمانویست بەدەستیان هێنا. ئەم شێوازەی ڕۆڵبینین ساکاری و سادەیی بەرهەم دەهێنا. ئەمە هەمان شت بوو کە ئێمە دەمانویست. پاشان مانگەشەو شانۆی ڕۆشن کردەوە. ئەمە کەشێکی تایبەتی شەوێکی هاوینەی دەبەخشی ئەکتەرەکان زۆر هێواش دەچوونە ڕێوە و لەکاتی قسەکردنیشدا بەهیچ جۆرێ زۆریان لە خۆ نەدەکرد. لەسەرخۆ دەدوان، لەبەر ئەوەی شانۆ ژیانی تێداو ئارام بوو. دەربڕینی شتەکان هێواش و هاوکاتی بێدەنگی بوو. ئەم بێدەنگییانە دەوروبەرێکی ئاساییان بەدی دەهێنا و ڕستە ناتەواوەکان درێژەیان پێدەدراو تێدا تەواو دەکران. بەو مانایەی هەستی کەسایەتییەکان کە بە دەربڕینی ناتەواو دەهاتنە سەر زمان لە بێدەنگیدا کۆتاییان دەهات و بەوجۆرەی کە ئەکتەر هەستی پێدەکرد بۆ بینەران دەگوێزرایەوە.

سەرشانۆ بەرە بەرە چڕییەکی تایبەتی بەخۆوە دەگرت. خاڵێك کە دەبێت پەنجەی بۆ ڕابکێشم ئەوەیە کە شتە لاوەکییەکان لە شانۆدا گرنگییەکی زۆریان هەیە. بۆ نموونە " ماشا " ئونفیە دەکێشێت، پۆشاکی ڕەشی پۆشیوە، وشە دووبارە دەکاتەوە، قسەی سادە بەڵام پڕ مانان و گشت ئەمانە وا لەبینەر دەکەن کە بەوریای گوێ ڕادێرێ و، بەم شێوە بێ ئەوەی بەخۆی بزانێت دەکەوێتە ژێرکاریی دیمەنەکە. وردە وردە ئەوەی کە لە هۆڵی شانۆدایە لەبیر دەچێت. ئاوا دێتە بەرچاو کە شەنگی شەوی هاوین، قسەی ناتەواو، بێدەنگی، جادوویان لێکردووە. کاتێك کە لە دەربڕینی کەسایەتییەکاندا، هەست بە دەردێکی شاراوە دەکرێت و، قسەکان کۆتاییان پێدێت، بینەر واقوڕماو چاوی بڕیوەتە تەختی شانۆ.

لەسەر تەختی شانۆی مە شتێك ڕوویدا کە ماوەیەك بوو هۆگرانی شانۆ ئارەزوویان

دەکرد: ژیانێکی واقیعی نەك شانۆیی. بە بۆچوونی مە ترسناکترین بەش ڕۆڵگێڕانی " نینا " بوو لەپەردەی یەکەمدا. وی دەبوو لەسەر سەکۆکە ڕۆڵبگێڕێت: لەسەر سەکۆکە دانیشتووە، لەبەر ڕۆشنایی مانگەشەودا ڕۆچووەو قسەکانی بەمجۆرەن :

– مرۆڤەکان هەڵۆکان گیانلەبەران کاراییان هەیە ؟

کاتێك کە ئەم شانۆییە لەپترسبۆرگ هاتەسەر شانۆ، ئەم بەشە بینەرانی خستە پێکەنین. بەڵام من گومانم نەبوو لەوەی کە ئەم بەشە شاعیرانەو جوانە بە شێوازێك کە لەنیشاندانیدا بەکارمان هێنابوو بەوجۆرەی کە دەبێت ببێت دەچێتە پێشەوەو؛ هیچ کاراییەکی گاڵتەجاڕی یان وەڕسی لەبینەردا دروست ناکات.

پاشان گفتوگۆی نێوان دایكو کوڕەکە کە زۆر توندوتیژە لەبینەردا کارایی دادەنێتو دەیوروژێنێت، کۆمەکی ئەم شێوازە بەیارمەتی بیدەنگی جاربەجار لەقوڵایی گیانی کەسانێك کە لەهۆڵەکەدا کەسە مرۆڤێکی بەرزو خوێندەوارەو چالاکە لەم ڕووەوە ڕۆڵگێڕانی کەسایەتی وی کارێکی ئاسان نییە. (ماکیاڤ) زۆر باش بوو. کۆتایی شانۆییەکە زۆر باش دەرهاتبوو.

بینەران بەڕادەیەك بێدەنگ بوون دەتگوت کەس لەهۆڵەکەدا نییە. دەنگدانەوەی ئەم شانۆییە سەراپای مۆسکۆی داگرتووە. خاوەنی شانۆکانی‌تر تینووی خوێنمن، لەڕاستی‌دا بەرهەمەکەت وەها دەرهاتووە گەر خۆت بیبینی واقت وڕدەمێنێ من لەڕادەبەدەر خۆشحاڵم، لەدوورەوە لەئامێزت دەگرم.

کەی " لالە وانیا " دەنێریت.

نمی روڤیچ دانچنکۆ

## باخی ئالۆباڵو لەسەر شانۆی هونەری مۆسکۆ

ئێستاکە هەوڵدەدەم مێژووچەی هینانە سەر شانۆی باخی ئالۆباڵو لە شانۆی هونەری مۆسکۆ دا بۆتان بگێڕمەوە. ساڵی ١٩٠٣ شانۆی مە لەڕادەبەدەر پێویستی بە شانۆیی نوێ بوو. بەهار بوو هێشتاکە بۆ" وەرزی نواندن"ی داهاتوو هیچ

بەرنامەیەکمان دانەڕشتبوو. تەنیا شتێك کە لەبیرمە لەکۆتایی خاکەلێوەی ئەو ساڵە بریارماندا " ژول سزار " دابنێین. هەڵبەتە بۆ هێنانەسەر شانۆی وەها شانۆییەك ماوە بۆ پرۆڤە زۆر کەم بوو. لەگەڵ ئەوەشدا دەستمان بەکارکرد.

چیخۆڤ بەڵێنی دابوو شانۆییەکی نوێ بنووسێت. شانۆ نووسی تازەی چیخۆڤ بۆ خۆی بابەتێکی سەرنج ڕاکێش بوو. کارکردن لەسەر " ژول سزار " نەدەچووە پێش. شانۆیی نوێ و تازە بۆ هەر شانۆیی یەك پێویستە. چونکە بێگومان بینەرانێکی فرە ڕاکێش دەکات و خەڵك فرەتر خۆشیان لێی دێت. کارکردن لەسەر شانۆییەکی کلاسیك فرە دژوارە و دەبێت بە وریایی و کاتی تەواوەوە بچێتە پێش و، بەڕادەی پێویست بینەری نی یە. پێویستە دان بەوەدا بنێم کە شانۆیی پلە دوو و سێ سەرنج ڕاکێشترە بۆ خەڵك تاوەکو بەرهەمێکی کۆن و کلاسیك.

لەم ڕووەوە مە هیوامان بە " ژول سزار " نەبەستبوو بەڵکو پێش گشت شتێك لەبارەی بەرهەمێکەوە کەچیخۆڤ بەڵێنی دابوو بیرمان دەکردەوە. چیخۆڤ هاوینی لە یەکێ لە کوێستانەکانی نزیك مۆسکۆ دەبردەسەرو لەبیری شانۆییەکەی خۆیدا بوو. هەواڵی جۆراوجۆرمان پێدەگەیشت. چیخۆڤ خۆی لەم بارەوە هیچی نەدەگووت جارجارە لەملاو لەولاوە هێندێك شتمان بەرگوێ دەکەوت.

دەمەوێت لێرەدا کەمێك لەبارەی بارودۆخی ئەوکات و باری ئەدەبی و شانۆیی ئەو سەردەمە و چۆنیەتی هەستی چیخۆڤ بدوێم. دەمەوێت ڕوونی کەچۆن چیخۆڤ لەبەرامبەر ئەو بارودۆخە کاردانەوەی نیشان دەداو لەڕوانگەی وی یەوە ژیانی شانۆیی چۆن بوو، دواجار، ئەو هۆکارانەی بوونە هۆی نووسینی " باخی ئالوباڵو " چی بوون.

هەڵبەتە بۆی هەیە بەهەڵەدا بچم، بەلام گومانم نییە، چونکە چیخۆڤ باش دەناسم، مە هەمیشە پێکەوە و بەڕادەیەکیش لەیەك دەوروبەردا بووین.

خراپ نییە لێرەدا وەبیر بێنمەوە کە چیخۆڤ ژیانی لە شارۆچکەکاندا لەشارەکان پێ باشتر بوو، بێجگە لەمە نیشاندانی ئەمجۆرە ژیانانە کە سادەترن لەشانۆدا

سەرنجڕاکێش ترەو، بۆ بینەران فرەتر ئارامە. چونکە ئەگەر چی وان لەگەڵ ژیانی واقیعی ڕۆژانە ڕووبەڕوون بەلاَم ئاسایی و ڕۆژانەیی نایێتە پێشچاوو تازەیە بۆی.

لەکاتی نووسینی "باخی ئالۆباڵو" دا، چیخۆڤ ڕای وابوو کە لە شانۆگەی مندا دەربهێنرێت، بەلاَم لەگەڵ ئەوەشدا هیچکات ئەندێشەی بنەڕەتی خۆی لەبارەی بابەتەکەوە لەبیر نەدەکردو نەیدەکردە قوربانی ڕۆڵگێڕی ئەکتەران. لە شانۆییەکانی " چیخۆڤ "دا قسە لەسەر خەمە بەلاَم شێوەی نیشاندانی ئەم خەمە لەگەڵ شانۆییەکانی تردا فرە جیاوازە.

لەبیرمە کە لەیەکێ لە شارۆچەکاندا شانۆیی " سێ خوشکان " دەنواندرا، من چووم بۆ تەماشای. یەکەمین وشە کە ئەکتەرەکە لەسەر شانۆ دەریبڕی وەها خەماوەر بوو کە بینەری بێزار دەکرد ماوەیەك پاش ئەوە ئێمە هەمان شانۆییمان هێنایە سەر شانۆی هونەری مۆسکۆ ، بینەران بەردەوام پێدەکەنین و، پەیان بەبوونی ڕۆلی خەماوەرەی شاراوەی پشت پێکەنینەکان دەبرد. هونەری چیخۆڤ لەمەدایەو "سێبەرو ڕۆشنایی" بەرهەمی وی تایبەتمەندی خۆیەتی. بەدانانی دیمەنێکی پڕخەم لەپاڵ نوکتەیەکی خەندەئاوەردا، تراژیدییەکی خەماوی بەرهەم دێنێ. بینەر لە بەرامبەر دیمەنێکی شانۆیی چیخۆڤ کە بەجوانی ڕۆلگێڕی دەکرێت، خۆی لەبیر دەچێتەوەو ئەوەی لەدیمەنەکەدا دیتوویەتی لەگەڵ بارو دەرونی خۆی دەیگونجێنێت کارایی نواندنەکە لەسەر بینەر دەمێنێتەوە. نەمری بەرهەمەکانی چیخۆف لەمەدایە، چونکە زۆرکەم خوێنەرێك یان بینەرێك بەرهەمی چیخۆڤی دیتبێت و لەبیری چووبێتەوە.

نابەجێ نییە بڵێم کە چیخۆڤ لەکاتی نووسینی "باخی ئالۆباڵو " دا فرە سەرنجی ڕۆژنامەکانی دەداو بەهیچ شێوەیەك نەیدەویست ڕێوشوێنێکی بەرجەستە کە بە دەستی هێنابوو لەدەستی بدات. لەم ڕووەوە تێدەکۆشا بەرهەمەکەی گچکەترین کەموکوڕی نەبێت. ئەم وریاییە لەڕادەبەدەرە بووە هۆی ئەوەی کە " باخی ئالۆباڵو "

ببێتە شاکاری چیخۆڤ لەشێوازی دارشتنی تایبەتی خۆیدا.

زستان داهاتبوو. شانۆیی " ژول سزار "مان بردبووە سەرشانۆو بەبێ ئارامی چاوەڕێی شانۆییە تازەکەی چیخۆڤ بووین.

دواجار شانۆییەکەی نارد. ڕۆژێك " کێنیپەر "خان ( هاوسەری چیخۆڤ، ئەکتەری شانۆی هونەری مۆسکۆ) منی بانگ کردە ژوورە چۆڵەکەی خۆیی و لەوێدا لەگەڵ یەك ، بەبێ ئەوەی کەسێك لێمان تێك بدات، شانۆییە تازەکەمان تا کۆتایی خوێندەوە.

ئەوەندەی لەبیرم بێت شانۆییەکە کاراییەکی وای لەسەر دانەناین. لەم بەرهەمەدا چیخۆڤ لەشێوازی خۆیدا گەیشتبووە لووتکە شێوەی کەسایەتییەکانی بەسەرهاتەکە تەنیا بەچەند هێڵ وێنە کێشرابوون. بەڵام پێکەوە شتێکی وەهامان بەدەست نەهێنا

کاتێك کە بۆ یەکەمین جار شانۆیی " چایکا "مان پێکەوە خوێندەوە، بارمان لەمە باشتر نەبوو، چیخۆڤ کە لەبەرهەمەکانیدا بە شێوازێك کەسایەتییەکانی خستبووە پێشچاو، فرە دژوار بوو بەژنو باڵای داتاشراوی وان بەدەست بێنی، چونکە بەیەك دوو کەلیمە پەیکەرەی وانی خستبووە ڕوو. ئەگەر لەخۆیشیت بپرسیایە دەیگوت:

– من هەموو شتێکم نووسیوە !

جارجارە هەندێ ڕستەی دەگووت کە بەکەڵکمان دەهاتن، بەڵام دەرك کردنی وانیش بێ گرفت نەبوو. بۆ نموونە کاتێك کە دەمانویست "لالە وانیا" بەرینە سەر شانۆ " ستانیسلاڤسکی " خوازیاری ڕوونکردەوە بوو لەبارەی ڕۆڵی دکتۆر "ئیستروڤ "وە چیخۆڤ لەوەلامدا ووتی :

– وی فیکە لێدەدات .

هیچیتری نە ووت. چ کاتێكو لەکوێدا فیکە لێدەدات ؟ پاش ماوەیەك ستانیسلاڤسکی تێگەیشت کە مەبەستی چیخۆڤ چییە.

( تێبنییەکانی ستانیسلاڤسکی )

پێمان وابوو کە تیپی شانۆی مە بەباشی پەیمان بەگیان و باری دەربڕین و ئەندێشەکانی چیخۆڤ بردووە و دەتوانین تێگەیشتنێکی ڕاستمان لەبەرهەمەکانی وی هەبێت. بەڵام لەباخی ئاڵوباڵودا بۆمان دەرکەوت کە لەگەڵ گیروگرفتی تازە ڕووبەڕووین. پەیوەندی‌یەکی نوێ لەنێوان پاڵەوانەکاندا دەبینرا – شوێنگەی بەرهەمەکە تەواو جیاواز بوو، دەبوو پەی بەوە ببەین کەچیخۆڤ لەم بەرهەمەدا چ دەڵێ و مەبەستی چی‌یە.

لەیەکەمین خوێندنەوەدا " باخی ئاڵوباڵو " سەر سوڕهێنەر دێتە بەرچاو. هیچکام لە دیمەنەکان بەهێز نین و هیچکامیان لەکۆتایی پەردەدا شتێك دەرنابڕن. تەنانەت کۆتایی شانۆیی‌یەکەش سەرسوڕهێنەرە :

خزمەتکارە پیرەکە کە لەبیریان کردووە بەتەنیا لەماڵەوە دەمێنێتەوە

چیخۆڤ هاتە مۆسکۆ، دکتۆرەکان مۆڵەتیان پێدابوو کە زستان لە مۆسکۆ بەرێتەسەر. وی زۆر حەزی دەکرد خۆی چاوەدێری پرۆڤەکان بێت. پێش هاتنی وی بەهۆی نامەوە وتووێژمان دەکردو لەبارەی هەندێك لە ڕۆڵەکانەوە جیاوازیمان هەبوو. بۆنموونە وی نەیدەویست ڕۆڵی"ڕانیڤسکایا " (کێنی‌پەر) خانی هاوسەری بیگێڕێت. لەکاتێکدا ئەم ڕۆڵە پڕ بەپێستی ئەم خانمە بوو. چەند شتی‌تریش هەبوون کە شانۆ شانی نەدەدایە ژێری.

کاتێ کە چیخۆڤ هاتە مۆسکۆو لە پرۆڤەکاندا ئامادە بوو، ئەم ناکۆکی‌یانە فرە بەهێزتر بوون.

هەندێ جار ژمارەیەك لە ئەکتەرەکانی بەباش نەدەزانی و خۆشی لێنەدەهاتن و جارجارەش لەبارەی " میزانسن"ەوە ناڕەزایەتی دەردەبڕی. هەندێ کاتیش پێی وابوو کەدەقی شانۆیی‌یەکەمان گۆڕیوە دواجار تکامان لێکرد کە نەیێتە پرۆڤەکانەوە.

ئێستاکە پەیم بەوە بردووە کە خەتای هەردوولامان بووە. چونکە لەلایەکەوە چیخۆڤ

بەپێی پێویست لەکارو هونەری شانۆ شارەزایی نەبوو. بیری لێنەکردبووەوە چ گیروگرفتێك لەسەر رێی گەیشتن بە ئامانجدایە. واقیعیەتەکەی بەرۆشنی نەدەدیت.

ئەی نەیدەویست تێبگات کە ئەم شانۆیە هەر بەم شێوازە توانیویەتی شانۆییەکانی وی ( چایکا، لالە وانیا، سێ خوشکان) ئاوەها کەخۆی دیتبوونی بێنێتە سەر شانۆ. وی پەی بەوە نەدەبرد کە وانیش بەم هەزار پێچاوپێچەدا تێپەڕیوون و سەختیمان لەگەڵیان کێشاوە تاوەکو بەو شێوەیە دەرهاتوون.

بیر و ئەندێشەی چیخۆڤ و هەست و سۆزێك کە وی خوڵقاندبووی دەبوو پاش ئەوەی کە ئەکتەرەکان بەباشی پەیان پێبردن هەوڵدەن تا چوارچێوە بۆ بەرجەستکردنیان بەدەست بێنن، تاوەکو لەسەر شانۆ مرۆڤی واقیعی و زیندوو بن. ( بەوجۆرەی کە خود چیخۆڤ لە نواندندا دیتبووی) بەڕاستی کاری شانۆییەکانی چیخۆڤ لەگەڵ زۆربەی بەرهەمە شانۆییەکانی‌تر فرە جیاوازە.

لەلایەکی‌ترەوە مەش هەڵەمان دەکرد: لەدابەشکردنی رۆڵەکان لەنێوان ئەکتەرەکانداو شتێك کە لە گشتی گرنگتر بوو و بووبووە هۆی ونبوونی چیخۆڤ باری " میزانسن " بوو. " میزانسن "ەکانی مە دوو لایەنیان هەبوو، یەکێ دەرەکی بوو کە رەنگ رێژی تێرو یان تێدا دەبینرا کە دەبووە هۆی سەنج ڕاکێشانی بینەر، ئ ەوی‌تر دیوی ناوەوەی بوو کەهەوڵ دەدرا هەستی تایبەتی کەسایەتی‌یەکانی چیخۆڤ بگوێزێتەوە بۆ بینەر، ئەم ڕووەی کارەکە پەیوەندی بە دەروونناسی‌یەوە هەبوو. تاوەکو کاتێك کە ئەم دوو لایەنەی " میزانسن " جیا لە یەکتر دەردەکەوتن، شتێکی بەرجەستەی تیا بەدی نەدەکرا، بەڵام ئەوەی کە لەگەڵ یەك دەبوونە هاوەڵدوانە، باشترین نواندنی شانۆی هونەری مۆسکۆ دەردەهات.

کاتێك کە دەمانویست شانۆیی" نەفرەت " بێنینە سەر شانۆ چەندجار خەریك بوو لەگەڵ نووسەرەکەی " لیۆنید ئاندریێڤ " کە لەپرۆڤەکاندا ئامادە دەبوو کار بکێشێتە پێکداادان. دەتۆراو دەیگووت: ئیتر نایێتە ئەم شانۆیە، بەڵام بۆ ڕۆژی دواتر دەهاتەوە

ئاشت دەبووینەوەو دڵنیا بووویـن کە لـە ڕۆژی نواندنـدا هاوەڵییـەکی فرە پتـەومان دەبێت. ئەم ڕووداوە بۆ مە تازە نەبوو لەگەڵ " چـیریّکۆڤ "یـش ئـەم مشـتومڕەمان هـەبوو، وی هـاواری دەکـردو دەرگەکـەی تونـد پێـوە دەداو دەڕۆیشـت، بـەڵام دوبـارە لەگەڵمان ئاشت دەبووەوەو دۆستێکی دڵسۆزی شانۆگەی مە بوو.

ئەم شتانە تەنیا ئەوانەی کە لەگەڵ شانۆ دا سەروکاریان هەیە تێدەگەن.

قسەوباس لە نووسەرو دەرهێنەر لەم ڕۆژانـەدا فرە بایـەخی پـەیدا کـردووە. دەڵێـن شانۆ دەبێت ئەوەی نووسەر نووسیویەتی موو بە موو بیهێنێتە سەر تەختە بەڵام ئایا ڕاسـتە شـانۆ بکەینـە گوێزەرەوەیـەك ؟ شـانۆ خـۆی داهێنـەرە. شـانۆیەك کـە دەیـەوێت بیرەوەری لـەخۆی بـەجێبێڵێت، شـانۆیەك کـە شـێوازی هەیـەو دەیـەوێت شـانۆیی‌یەکان بەشێوازیخۆی دەربهێنێت، نابێت هیچ شتێك کوێرانە وەربگرێت.

بەڵام لەبارەی چیخۆڤ ەوە شانۆی مـە تاوانبـار بـوو، چونکـە وەهـا کـە پێویسـت بـوو جوانـی بەرهەمـەکانی چیخـۆڤ مـان بەدەسـت نـەهێنابوو. " ڕیـالیزم " ی چیخـۆڤ بەڕادەیـەك بەهێزە کە دەتوانرێت بـە نموونـەی جوانیو خاراوی دابنرێت، مـە پـەیمان بەوە نەبردبوو و بەدەستە زبرەکانمان دەستمان تێوەردابوو.

بۆ نموونـە لەپـەردەی یەکـەمی" بـاخی ئاڵوبـاڵو "دا ، ئـەو دەنگـە ناسـراوە کـە لـە بێدەنگی بیابانـدا دەبیسـترێت، بـەو جـۆرەی کـە پێویسـت بـوو نـەمانتوانی بـوو پـەی پێببەین. دەنگی بەردێك کە دەکەوێتە چاڵاوێکەوە چیخۆڤ خۆی بۆ ئەم مەبەستە چەندجار چووە پشتی شانۆوەو تاقیکردەوە گوێی ڕاگرتو دواجاریش هـەر نـاڕازی بوو جلرجار چیخۆڤ بەرامبەر داهێنانی ئەکتەرەکان ناڕازی بوو و بەهیچ شێوەیەك لەگـەڵ وان هـاوڕا نـەبوو. بـۆ نموونـە لـەبارەی " میزانسـن "ی بـەناوبانگی ستانیسلاڤسکی کە بە دەستماڵ دەموچاوی لەمێشوولە دەپاراست، بەتوندی دژ بووو دەیگـووت : لـە شـانۆیی‌یەکەمدا دەنووسـم ڕووداوەکـە لەشـوێنێك ڕوویـداوە کـە لـە بنـەڕەتدا مێشـوولە نـی‌یـە پێویستە بڵێم کە چیخۆڤ زۆر پەرۆشی چارەنووسی ئـەم شانۆیی‌یە بوو و دەتوانم بڵێم دەترسا.

هەروا کە لەپێشەوە باسمان کرد، چیخۆڤ لەبارەی کاریەوە زۆر توند بوو و هەمیشە ناڕزایەتی دەنواندو ترسی هەبوو لەوەی کە بەرهەمەکەی سەرکەوتوو نەبێت، تەنانەت لەخۆشی دڵنیا نەبوو، تەنیا دڵخۆشی وی متمانەی بوو بە هەوڵ و کۆششی مە. کاتێك کە لەسەر پرۆڤەکان ئامادە نەدەبوو مە لەگەڵ گشت ئەکتەرەکان دەچووینە ماڵی وی، چونکە حەزی دەکرد دەوروبەری قەرەباڵغ بێت هەرچەندە بەخۆی دەدوا.

دواجار ڕۆژی حەڤدەهەمی جێنیوەری، واتە یەکەم ڕۆژی نواندنی شانۆیی "باخی ئالۆباڵو " هاتەپێشەوە. باری دەرونی چیخۆڤ باش نەبوو، بۆی هەبوو بۆماوەیەکی زۆر مۆسکۆ بەجێبێڵی و ماوەیەك نەیبینم. بەم بۆنەوە بڕیارماندا ئەو شەوە جەژنێکی تایبەت ڕێکبخەین. چیخۆڤ خۆی حەزی نەدەکرد شەوی یەکەم بێتە شانۆ، بەڵام دواجار لەسەر داوای مە هات.

لەبارەی ئەو شەوە بەناوبانگەوە زۆر شت نووسران (یاداشتەکانی ستانیسلاڤسکی)، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت بڵێم کە ئەو شەوە بەڕاستی شەوێکی تایبەت بوو.

لەو شەوە شکۆدارەدا گشت هونەرمەندانی شانۆ بەرامبەر چیخۆڤ سۆزو خۆشەویستییان دەردەبڕی و بەڵام خاڵی سەرنجڕاکێش بۆ من ئەوەیە کە ئایا لە دەرهێنانی شانۆیی یەکەدا سەرکەوتوو بووین یان نا. کۆمەڵێك دەڵێن کە ئەم شانۆیی یە لە شەوی یەکەمەوە تاوەکو ئێستاکە سەرکەوتوو بووە، بەڵام ڕاستی یەکەی وانییە. سەرکەوتوو خودی چیخۆڤ بوو، شانۆیی یەکە بەوجۆرەی کە دەبوو سەرنجڕاکێش نەبوو. لە شەوی یەکەمەوە تا کۆتایی بەهار کە ئەم شانۆیی یە لەسەر شانۆ بوو لەگەڵ ئەوەی کە باشترین وەرزی شانۆ بوو بلیت فرۆشتنی مە لەسەدا پەنجای باری ئاسایی هاتبووە خوارەوە.

بەڵام چەند ساڵ دواتر " باخی ئالۆباڵو " باشترین نواندنی نێو بەرنامەی " شانۆی هونەری مۆسکۆ" بوو. بۆ هەر جێیەکی دونیا دەڕۆیشتین، دەبوو " باخی ئالۆباڵو " بنوێنین. ( پاریس- ڤێنا- بێرلین- نیۆیۆرك هەمووان خوازیاری بوون) . بــــۆ ل٥٩

# جیم ئالن JIM ALLEN
## سیناریۆ نووسی لێهاتوو کە ڕیتمەکانی زمانی هەر ڕۆژەی بەکاربرد
## کێن لۆچ ken Loach

و. لە فارسییەوە هەژێن

جێم ئالن، نووسەرو سۆشسالیست، پاش نەخۆشییەکی درێژخایەن لە ماڵەکەی خۆیدا لە شاری منچستەر، لە تەمەنی ٧٢ ساڵیدا مرد. شانۆییەکی وی بەنێوی "گەندەڵی– Perdition " کە لە بارەی ڕەشەکوژی نازیەکانەوە بۆ " Royal Court Theatre" نووسراوە و ڕاگرتنی لە ساڵی ١٩٩٧ بووە هۆی نارەزایەتیو دواجار لە ڕاگرتن ڕزگاری بوو و بڕیار درا لە Theatre Gate لە لەندەن بێتە سەر شانۆ . ئەم سەرکەوتنە یەکێك لە دڵخۆشییەکانی دواساتەکانی ژیانی وی بوو.

سەرەتا ئەو لە دەهەی شەستدا بۆ ( کۆمەڵەی تێلەفزیۆنی ) CorronationStreetی نووسی. بەلاّم پاشان تۆنی گارنت T.Garnet داوای لێکرد بۆ شانۆی ڕۆژی چوارشەممە Wednesday بنووسێت کە کۆمەڵێ شانۆی تێلەفزیۆنی BBC بوو. شانۆیی تیلەفزیۆنی " کلّۆ- Lump" کە لە بارەی چەوساندنەوەی کارگەرانی بینا سازییەوە بوو و لەلایەن جێك گۆڵد Jak Gold وە لە١٩٦٧دا دەرهێـ ـنرا یەکەمین سەرکەوتنی بۆ وی وەدی هێنا . "بڵێسەی گەورە – The Big Flame" کە بە دوای ئەودا هات بەسەرهاتی کارگەرانێك بوو کە لەنگەرگەکانی (لیورپول)یان داگیر کردووەو بووە پێشگووتنێك بۆ ڕووداوەکانی ١٩٦٨.

" ڕۆژانی هیواداری – Days of Hope " گرنگترین بەرهەمی ئەو ڕۆژانەی بوو: چوارەم فیلم کە بەسەرهاتی سێ کەس بوو لە جەنگی گەورەوە تاوەکو مانگرتنی گشتی ١٩٢٦. ئەو بابەتانەی کە لەم بەرهەمەدا کەوتنە بەر باس مەشخەڵەی سەراپای ژیانی بوون : فریوکاری بەردەوامی چینی سەروەر، ئایدیا- لیزمی لاوان، لەسەر دوو

پەت یاریکردنی ڕابەراتی کارگەری و وازهێنانیان لە خەباتی کارگەران.

ئالن لە کولیهۆرست، ناوچەی کارگەر نشینی مێنچستێر لەدایك بووە. کاتێك کە سەرباز بوو بەهۆی نارەزایەتی دەربڕینەوە لە دەرەوەی فرۆشگەیەکی چیپسدا، زیندانی کرا. زیندان پەروەردەی کرد. هاوزیندانی‌یەك ئەوی بە پەرتووکێك ئاشنا کردو هانی‌دا تا بخوێنێتەوە. لەوکاتەوە ئالن تەواوی ژیانی خۆی تەرخانی دەرك‌و پەیبردن بە کێشمەکێشێکی بی کۆتایی کرد کە لەنێو کارگەران‌و چەوسێنەران‌و دژەخوناندا لەئارادایە.

ئەو لە کاری بیناسازیدا، لە لەنگەرگەکانداو لە کانەکاندا کاری کرد. وی لە ژیانی سەختی کارگەرانی وەرزی‌یەوە فێری سیاسەت بوو. لەگەڵ کەسانێك ئاشنا بوو کە لە فێرگەی سیاسەتی شۆڕشگێڕانەدا خوێندبوویان و هەروەك خۆی بەخۆ فێر بوو بوون. ئەو ئەندامەتی لە پارتی لیبراڵ سۆشیال دیموکراتەکاندا ڕەت کردەوەو لە پارتی کۆمۆنیستی خۆی بینییەوە.

دەهەکانی حەفتاو هەشتا سەردەمانێکی دژوار بوون. (کاناڵی ٤) فیلمنامەی وی لە بارەی ئێرلەندە پەسەند نەکرد. تەنانەت ئێنیستیتوتی فیلم لە بریتانیاش دەرگەی بەڕوویدا داخست. لەو ڕۆژانەدا مەرگی هاوسەرەکەی ، کلارا، پشتی وی چەماندەوە.

شانۆیی " گەندەڵی" بەسەرهاتی ڕێکەوتنی کۆمەڵێك زایۆنیستە لە هەنگاریا ساڵی ١٩٤٤ لەگەڵ نازی‌یەکان. بەپێی ئەم ڕێکەوتنە ژمارەیەك یەهودی مۆڵەت وەردەگرن‌و بەرەو فەلەستین هەڵدێن، هاوتای ئەمە زایۆنیستەکان لە بەرامبەر ڕەوانە کردنی کەسانێك بۆ ئۆردوگەکانی مەرگ بێدەنگە دەکەن.

هێرشەکانی پێشووتر لە بەراورد بە تووڕەبوونێك کە زایۆنیستەکان لەکاتی پرۆڤەی شانۆیی‌یەکەدا دەریان بڕی هیچ نەبوون. ئالن بە بێزاری‌یەوە وەلانانی بەرهەمەکەی بینی‌و ئەم کارە پەڵەیەکی ڕەشی بە ڕووخساری ( ڕۆیال کۆرت) وە جێهێشت.

دەهەی نەوەد بەرهەمەکانی سەردەمی پێگەیینی بەخۆوە بینی. من دوو فیلمنامەی

ویم بەنێوی" فەرمانی کۆبوونەوەیەکی نهێنی -**Hidd Agenda** " و" بارانە بەردینە – **Raining Stones**" دەرهێناون کە تابلۆی ژیانێکی دژوار بەلاّم لێواولێو لە خۆشەویستی شاری نشینگەی خۆیین: هەروەها " وڵات و ئازادی– **Land and freedom** "م کردە فیلم کە لەبارەی شەڕی نێوخۆی ئەسپانیایە و سەردەمانێك بوو کە ئالن دەیویست لایەنی جۆراوجۆری ئەم جەنگە بخاتەڕوو : جەنگ دژی فاشیزم، فیداکاران لە وڵاتانی جۆراوجۆرەوە، سوپای گەلی، هەرەوەزیی و کۆمەڵە کارگەرییەکان ـ سۆشیالیزم لە پراکتیکدا. لەدوای دژەخونی ستالین و سۆشیال دیموکراتەکان، ئەوان جەنراڵ فرانکۆ یان لەبەر ئەگەری هاتنە سەرکاری دەوڵەتی کارگەران پێ باشتر بوو. دەتوانرێت ئەمە لە کرۆکی نووسینەکەو بیرکردنەوەی ئالن دا بەدی بکرێت.

نووسینەکانی لەباشترین باردا دارای تواناییەکی دەروونین کە بەرهەمی هاوچەرخەکانی ناتوانن بەرامبەرکێیان لەتەکدا بکەن. ئەو ڕیتمی تێکشکاند، خەیاڵ، گاڵتەوگەپ و دەربڕینی زمانی هەر ڕۆژەی بە شێوەیەکی زیندوو بەکار هێنا. ئەو توانی مشتومڕێکی سیاسی لە شێوەی خەباتێکی چڕ بخاتەڕوو. جیم هەستێکی جوان و بەهێزی هەبوو و دەقی بە توانایەکی نەخشێنەرانەو تەنزاوی دەنووسی. ئەو لە (( نیشتمان و ئازادی)) و لە (( نەبوونی فیداکار **The Voluteer**)) دا چەند کۆپلەیەکی لە " ولیەم مۆریس ـ **W Moris** " وەرگرتووە. دەکرێ ئەم چەند بەیتە لە نەبوونی خۆیدا بووترێنەوە:

پەیوەست بن بە جەنگێکەوە<br>
کە مرۆڤی تێدا ناڕوخێ<br>
هەرچەند کە وی وون ئەبێ و دەمرێ<br>
بەلاّم کردەی هەردەم و هێشتا<br>
سەرکەوتووە.

جیم ئالن لە ٧ ی ئۆکتۆبەری ١٩٢٦دا لەدایك بووەو لە ٢٤ ی جونی ١٩٩٩دا مرد.

ئەو کارگەرێکی سۆشیالیست و ڕێکخەر بوو کە نێوی لە لیستی ڕەشی سەرمایەداراندا بوو. کێن لۆچ، دەرهێنەری سۆشیالیست و بەناوبانگ، بەشێکی بەرچاوی لە شانۆیی و فیلمنامەکانی ئەم نووسەرە گەورەیەی بردۆتە سەر شانۆ یان وەك فیلم دەریهێناون:

" بلێیسەی گەورە " ( لە ساڵی ١٩٦٧دا نووسراوە و لە ١٩٦٩دا دەرهێنراوە)، "ئەنداماني ڕێك خستن The Rank and File" ( ١٩٧١)، " ڕۆژانی هیوا" (١٩٧٥)، " فەرمانی کۆبوونەوەی نهێنی" ( ١٩٩٠)، " بارانە بەردینە" ( ١٩٩١)، " وڵات و ئازادی" (١٩٩٥). شانۆیی " گەندەڵی " کە شانۆی ڕۆیاڵ کورت لە بەرنامەی خۆیدا وەلای نا بە دەرهێنانی کێن لۆچ لەژێر پرۆڤەدا بوو. وی لە گفتوگۆیەکدا دەڵێت : " تۆنی گارنت منی بە نووسینەکانی جیم ئالن ئاشنا کرد کە ڕابووردوویەکی دووروردرێژتری لەمن هەبوو" یادی هاوکاری خۆی لەگەڵ ئەم نووسەرەدا وەك سەردەمێکی شیرین و سوودبەخش لە ژیانیدا دەکاتەوە.

# نــــان و گــــوڵ

فیلمی تازەی دەرهێنەری چەپ کێن لۆچ، بەناوی " نان و گوڵ Bread and roses "ە. لەنێو فیلمەکانی پێشووی ویدا دەتوانـرێ فیلمی بەنێوبانگی "وڵات و ئازادی Land and freedom " لەبارەی شەڕی نێوخۆی ئەسپانیا، فیلمی داهێنراوی نوێ " کێسی بگەڕێوە ماڵێ Cathy come home" نێو بێنین. بڵاوکراوەی ( Socialist worker)،چاپی لەندەن، لە ژمارە هەشتی جێنیوەری خۆیدا زۆر بە کورتی ئەم فیلمەی ناساندووە. لەم ناساندنەدا کێن لۆچ پرسیارێکی مارتین سمیپ " فیلمی تازەتان لەبارەی چییەوەیە؟ " کە لە وی کردووە، ئاوا وەڵام داوەتەوە:

(( نان و گوڵ )) لەبارەی گرووپێك لە کارگەرانی کرێ کەم و کۆچەرە لە لۆس ئانجلۆس کە بۆ بەدەستهێنانی مافی پێکهێنانی ئیتیحادیە تێدەکۆشن. پاول لاڤێرتی

Laverty Paul، نووسـەری فیلمـ ـنامەکـە، لـە سـەرەتای دەهـەی نـەوەدی سـەدەی ڕابـووردوودا سـاڵێك لـە شـارەکەدا ژیـاو لـە کەمپـەینی " دادپـەروەی بـۆ دەرگەوانان " بەشدار بوو. ئەوەی کە سەرنجی منی ڕاکێشا ئەوە بوو کە بەسەرهاتەکە وێنەیەکی ئاوەژوو کە لە بارەی هۆلیوود و لۆس ئانجلس لە ئارادایە سەراوژێر دەکات.

کارگـەران لـە نـاخی وەحشـیگەریدا دەسـتیان دابـووە خـەباتێکی دەسـتەویەخە و منیش دەمویست ئەمە بنوێنم. کارگەرانێك کە بەزۆری ئەسپانی زمان بوون بە وەلانانی شـێوە کۆنـەکانی ڕێکخسـتنی ئیتیحادیـە، ڕێکخـراوەی خۆیـان پێکـهێنا. کەمپـەینی ئـەوان بـەزۆری بـە کۆمەڵگـە پشـت ئەسـتوور بـوو. ڕێکخسـتنی کارگـەرانی کۆچـەر کـە زۆربـەیان ئینگلـیزی زمـانی سـەرەکی ئاخاوتنیـان نـەبوو، ئاسـان نـەبوو. زۆرێـك لـە هەڵسووڕاوانی ئەم کەمپەینە لـە مەترسـیدا بـوون، چونکـە بـە ((کۆچـەری نایاسـایی)) دەژمێردران. بەمجۆرە ئەوان خەباتیان کردو سەرکەوتن.

**<u>پاشماوەی چیخۆف و شلنۆ</u>** " چایکا " پێگـەو ڕێوشـوێنی شـانۆی مـەی پێك هێنـابوو و "باخیئالۆبـالۆ " باشـترین و سـەرکەوتووترین کـاری مـە بـوو کـە شـێوەی چیخـۆف ی لەشانۆی ئێمەدا خستەڕوو، بێ دوودڵی دەتوانم بڵێم کە باشترین و سەرکەوتووترین ڕۆڵگێڕانی " باخی ئالۆبالۆ " لە شانۆی مەدا بوو.

دەبێت دان بەوەدا بنێم کە لەسەرەتای کارکردن لەسەر ئەم شاکارە هونەرییە بەهیچ شێوەیەك دەرك نەکرابوو. هەروەك چۆن لەسەرەتای کاری شانۆدا ناتوانرێ پەی بەزۆر شت ببرێ

**لە ( شمارە ٧ سال دوم. پائیز و زمستان ١٣٧٧. ٩٩-١٩٩٨ فصل تئاتر )** وەرگیراوە.

# خشتەك

تێبینـــــی: لەپڕکردنـــەوەی ئـــەم خشتەکەدا هەموو بنەمایەکی ڕێزمانی کـوردی لەبــەرچاو گـیراوون، بــەپێی ڕێنووسی هــەڵبژێردراوی ئـەم گۆڤـارە تــەنیا نیشــانەی"ˇ"ی پیتــەکانی (ڕ،ۆ،ی)نـەبێت، کـە بەشـــێوەی(ر،و،ی) نووسراون.

## ئاسۆیی

١ ) بەڵێ( پ ).

٢ ) بـا بـیروڕا ( پ )- گشـت لەگشـت نەبوو پاشەڕۆکی هەبوو.

٣ ) ناوێك ڕوخان ناوی شارێکی ئەمریکا.

٤ ) وازی ( پ ) ئەگرە.

٥ ) سێ پاتی پیتێك + پیتێـك ( پ ) ئاوات دارێك.


٦ ) ئـــاژاوە خواردنەوەیـــەك ناوێك.

٧ ) بەهارە ( پ ).

٨ ) شەوی عەرەب بە نووسینی کوردی شارێکی ئەڵمان٩ ) ژمارەیەك وەك خۆنەمان ڕووپۆشی بووك ( پ ) ١٠ ) دانیشم ؟.١١ ) کۆرپە گیاندارێکی کێوی نیۆێك ( پ ).١٢ ) پوش سولتان.١٣ ) بڕین بە تیخ گیبال سۆمای چاو.١٤ ) پەنا لم سۆنگە ( پ ).

٧ ) ١٥ ) گۆم.

١٥ ١٤ ١٣ ١٢ ١١ ١٠ ٩ ٨ ٧ ٦ ٥ ٤ ٣ ٢ ١



١
٢
٣
٤
٥
٦
٧
٨
٩
١٠
١١
١٢
١٣
١٤
١٥

**خشتەکی ژمارە ( ٨ )**

**خەڵاتی براوەی ئەم خشتەکە، چـوار ژمـارەی گۆڤـاری ژیلەمۆیـە واتـە ئابوونـەی سـاڵێك بەشـــداری، تکایـە پڕکراوەی خشتەکەکە بــە ئادرەســی پۆســتی ژیلـەمۆ بەری بکەن.**

## ستوونی

١) نووسەرێکی سۆسیالیست سفرە برە.

٢) پەڵپگر کن.

٣) پاڵکەوتین وشە.

٤) ولاتێك كە بە تەقینەوەی بووە کێڵگەی زام.

٥) ئاوا تازە.

٦) گەزی پێوانەی ئینگلیسی ولاتێکی ئەورووپی.

٧) رەق بەڵێی فەرەنسی (پ)- شانی چیا.

٨) (کاوە)ی سەربڕاو (پ) گێژ گوم.

٩) جۆرە مارێکی کوشندە لادێ.

١٠) نوێ (پ) شاخ.

١١) ولاتێکی ئەفریکی گەردن.

١٢) رێ دەشتێکی بە پیتی ستانی کوردان.

١٣) ئامرازی پرسیار گۆترە تێکشکا.

١٤) دایکی کوری خوا (دیانا) ی سەربڕاو.

١٥) سەرتاساو پاڵەوانی ئەفسانەیەکی گریکی، کە خواکان لە جوانیا فڕاندوویانە بۆ ئاسمان

| ١٥ | ١٤ | ١٣ | ١٢ | ١١ | ١٠ | ٩ | ٨ | ٧ | ٦ | ٥ | ٤ | ٣ | ٢ | ١ | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ا | ی | ب | ی | ل | | | | | | ز | ه | و | ا | ئـ | ١ |
| ه | م | ل | پ | و | چ | | ك | پ | ه | ه | | ا | و | ا | ٢ |
| ه | ش | ی | ل | ك | و | ب | | ر | ه | ل | | گ | ه | ر | ٣ |
| ر | | | ر | ه | چ | و | ك | | ه | ر | | ژ | ر | ی | ٤ |
| | | | | | ك | ر | ا | س | | ر | | ه | | | ٥ |
| | ئـ | ا | و | ا | | | | | | ه | | | | | ٦ |
| | و | | | ڤ | ل | و | ڤ | ا | ی | ت | س | ی | ر | ك | ٧ |
| | س | و | ه | | | | | ی | ا | ه | | | | | ٨ |
| | ت | ا | | | | | | ر | ر | | | | | | ٩ |
| ی | ر | ز | ب | | | ر | ه | ب | ی | ب | | | ر | ز | ١٠ |
| ل | ا | و | ه | ج | | ی | ر | ی | د | و | ا | ئـ | | ل | ١١ |
| ه | ل | ا | و | ه | گ | | ه | س | ه | | | م | ر | | ١٢ |
| | ی | ز | | | | | ه | | د | | | | | | ١٣ |
| | ا | ی | چ | | ن | و | ب | | ا | ك | | ل | ی | س | ١٤ |
| | | | | | م | ن | | | ن | | | د | ر | و | ١٥ |

## پڕکراوەی خشتەکی ژمارە (٧)

## کۆمەکی هاوڕێیان

ئاڵمان: باوکی ڕاستی ٢٠ مارك

باوکی دەشتی ٢٠ مارك

باوکی ئۆژین ٥٠ مارك

بریتانیا: زاهیر باهیر ١٠ پۆند